Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.10

# ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی لە هەردوو ڕۆمانی( سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی "کاروان عومەر کاکەسوور" دا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Samer Ahmad Ibrahim
m.samerahmad0105@gmail.com

RECEIVED :18 /03/2025
ACCEPTED :29/06/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

وشە سەرەکییەکان:
ڕیالیزم،
ڕێچکەی شۆڕشگێڕی،
کاروان کاکەسوور.

**سەمیر ئەحمەد ئیبراهیم/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
**کارزان موحسین قادر/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر- هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

گەلی کورد لە مێژووی کۆن و هاوچەرخدا چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی خوێناوی بەرپاکردووە، دوژمنانی هەمیشە چاویان لەوەبووە وڵاتی کوردستان داگیربکەن، بۆیە هەمیشە ڕاونان و تۆقاندن و لە سێدارەدان بەشی بووە. ئەدیبانی کوردیش نەیان توانیووە بەرامبەر بەو هەموو ئێش و ئازارە بێدەنگ بوەستن، ئەدەبیان وەکو چەکێک لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی ئێش و ئازاری میللەتی خۆیان بگەیەنن بە گەلانی دونیا. ئەمجۆرە بارودۆخە زەمینەیەکی لەباربووە بۆ سەرهەڵدانی ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی، ئەم ڕێچکەیەش زیاتر بایەخ دەدات بە بەرجەستەکردن و خستنەڕووی واقیعی ڕامیاری میللەتە ژێردەست و چەوساوەکان، کاتێک بە شێوازێکی ئەدەبی کاریگەر ئەو ئێش و ئازارە دەخاتەڕوو، کە بەسەر گەلەکەیدا هاتووە، بەهۆیەوە هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری لە ناخی گەلەکەیدا پەرەپێدەدات، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ دەبێت بۆ دروستکردنی بزاوتێکی بەرگریکار لە هەرێمەکەدا. لەم ڕوانگەوە ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی تەنها بە ڕەخنەگرتن لەو واقیعەی هەیە نەوەستاوە، کە وەکو خۆی پیشانی خەڵک بدات، بەڵکو داوای گۆڕان و هێنانەکایەی بارودۆخێکی تازە دەکات، چونکە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەلومەرجی پەرەسەندن و گۆڕانکاریی وێنا دەکات، لە خراپەوە بەرەو باش لە باشەوە بەرەو باشتر، لەبەرئەوەی شۆڕش ژیلەمۆی هەرە سەرەکی ئەم ڕێچکەیە.

هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە و پراکتیک کردنی هەردوو ڕۆمانەکەی "کاروان کاکە سوور" بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ناوەڕۆکی ئەم دوو ڕۆمانە پڕیەتی لە گیانی پاراستنی "کیانی کورد" و پارێزگاریکردن لە "ناسنامە وگوتاری نەتەوەی، هەروەها ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوە، ئاماژەکردن بە چەوساندنەوەی مرۆڤ و قوربانیدانی لە پێناو ژیانێکی ئارام و باشتر، لەسەر زاری ڕۆماننووس؛ زۆر بەرەوانی ئاماژەی پێکراوە، بۆیە هەرکاتێ ڕۆمانەکان دەخوێنینەوە وا هەست دەکەین کۆڵی خەم و کێشەی نەتەوەیی باس دەکات، لەگەڵ ئاماژەدان بە قوربانی و خۆڕاگری مرۆڤ بەرامبەر بەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1پێشەکی:

یەکێک لە بەناوبانگترین ئەو قوتابخانانەی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی لەسەر بنیات دەنرێت، بریتییە لە ڕیالیزم، کەوا بریتییە لەو قوتابخانەی، کە وێنەی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤ پیشاندەدات، جا لەبەرئەوەی لەدێر زەمانەوە گەلی کورد بەزۆر بارودۆخی نالەباردا تێپەڕیووە، بۆیە ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەرکەوت، هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردیشەوە ڕیالیزم و ڕیچکەکانی بەدیدەکرێت، تا ئەمڕۆش بەردەوامە، بەتایبەتیش ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕیی، ڕۆماننووسان بۆ وورریاکردنەوەی کۆمەڵگا لەو بارودۆخانە، ڕوویان کردۆتە نووسینی ئەمجۆرە ڕۆمانانە، بەمەبەستی گۆڕینی ئەو واقیعە و هێنانە ئارای واقیعێکی باشتر و گونجاوتر، کە لەسایەیدا گەلەکەمان بتوانێ بە ئازادیی و سەربەخۆیی دەسەڵاتێکی دادپەروەرانە دابمەزرێنێت. هەردوو ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی "کاروان عومەر کاکەسوور" نموونەیەکی جوانی خەباتی شۆڕشگێڕیی ڕۆڵەی گەلی کوردمان نیشاندەدات، کە چۆن بە جەستە و خوێن ئامادەی مردن بوونە، بەڵام ئامادەنەبوونە ئیرادەی گەلەکەیان بخەنە ژێردەستی دوژمنان، بەهۆیەوە توانیوویانە مێژوویەکی پر سەروەری بۆخۆیان بنووسنەوە.

## 1-2: سنووری توێژینەوە:

بۆ سنووری ئەم توێژینەوەیە، هەردوو ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستنەوە) و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) ی "کاروان عومەر کاکەسوور"مان هەڵبژاردووە.

## 1-3: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی توێژینەوە لە بابەتی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی لە هەردوو ڕۆمانی ( سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی "کاروان عومەر کاکەسوور" ، تا ئێستا ئاوڕێکی وای لێنەدراوەتەوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین، ئەم بابەتە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگران فەراهەم بکەین، لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی لە ئەدەبی کوردی و بەتایبەتیش لە ڕۆماندا.

## 1-4: ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پیشاندانی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕییە لە ڕۆماندا، بەدیاریکراوی لە هەردوو ڕۆمانی ( سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی "کاروان عومەر کاکەسوور"دا، کە ڕێچکەیەکە لە ڕیالیزم، ڕۆماننوس چۆن هەستی شۆڕشگێڕی ڕۆڵەی کوردی پیشانداوە لەناو دەقدا و بە چ شێوەیەک لەم ڕۆمانانە ڕەنگیداوەتەوە.

## 1-5:ڕێبازی توێژینەوە:

ئەم ڕێبازەی لەم توێژینەوە ئەدەبیەدا پەیڕەومانکردووە بریتییە لە: (وەسفی – شیکاری)، ڕێبازی وەسفی بۆ خستنەڕووی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستی، لە بەشی پراکتیکیشدا بە ڕێبازی (شیکاری) مامەڵەمان لەگەڵ دوو ڕۆمانەکە کردووە.

## 1-6: پێکهاتەی توێژینەوەکە:

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بەمشێوەیە: بەشی یەکەم تایبەتکراوە بە قسەکردن لەسەر واتا و چەمکی ڕیالیزم و مێژووی سەرهەڵدانی ڕیالیزم، هەروەها باسی ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی کراوە. بەشی دووەمیش تایبەتکراوە بە پراکتیزەکردنی ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی لە هەردوو ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستنەوە) و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی "کاروان عومەر کاکەسوور" دا.

### 2-1: واتا و چەمکی ڕیالیزم:

ڕیالیزم لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان بەمشـــێوەیە باس لە واتاکەی کراوە، بیروباوەڕێکە کە زانیین دەخاتەڕوو، وردو بابەتییانە لە بارەی واقیعەوە، وەک کۆتایی چالاکییەکی ئەدەبییە. (علوش، 1985، ص232). زاراوەکە لە دوو وشـــە پێکهاتووە "real" و "isme" کە هەردووکیان بەســـەریەکەوە واتە: حاڵەتی بینینی واقیع بەو شـــێوەی کە هەیە. (پیربال، 2021، ل95). هەروەها وشـــەکە بە واتای "ڕاســـتەقینە خوازی" یش هاتووە. (بکر، 2023، ل5). لە زمانی لاتینیدا بە واتای شـــتی هەســـتپێکراو دێت. (الحمداني، 1989، ص155). ئەحمەد ســـالاریش پێیوایە "Realiry" واتای حەقیقەت دەگەیەنێت، نووســـــەرانی تریش هەن پێیانوایە زاراوەکە واتای ئەوەی لە واقیعەوە هەڵقوولاوە دەگەیەنێت. ( خدر، 2006، ل144). بەشـێوەیەکی گشـتی دەبینین واتای زاراوەکە لە دەوری "واقیع" یان "حەقیقەت"دا دەخولێتەوە و لەو ڕۆژگارەی ئەمڕۆشماندا، کاتێک ئەو زاراوەمان بەر گوێ دەکەوێت یەکسەر بیرمان بۆ لای "واقیع" دەچێت.

ئەگەر بێت و بۆ پێناســـەی کردنی ئەم قوتابخانەیە بگەڕێین، ئەوا بۆ ئەم مەبەســـتە چەند پێناســـەیەک دەخەینە ڕوو. ((ڕیالیزم ڕێژەیەکە لە واقیع، کە بوونی ڕاستییە لە سروشت و مرۆڤدا، واقیعیش دوو جۆرە ڕاستەقینەیی و هونەریی یەکەمیان: ئەوەیە کە مرۆڤ لە باسکردنەکەیدا ڕاستگۆیانە ئەو شتانە دەخاتەڕوو، کە لە واقیعدا هەن، نموونەیەک لە واقیع دەدات بە دەســـتەوە هەروەکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی. دووەمیان: ئەوەیە کە لە ئەدەبدا پشـــتی پێ پێبەســـتراوە داهێنانێک بەرهەمدەهێنێت بۆ واقیع مەرج، نییە دەقاودەق ڕاستیی بێت. ڕاستە بنەماکانی لە واقیع وەردەگیرێت، بەڵام دەســـتکاریی دەکات و لێی زیاد و کەم دەکات و دووبارە دایدەهێنێتەوە بۆ ئەوەی واقیعێک بێنێتە کایەوە واقیعی ڕاستەقینە نەبێت، بەڵکو لاسایی کردنەوەیەتی و توانای بوون و مەزندەکردنیەتی، چونکە بە دەوریدا دەخوولێتەوە و پابەند دەبێت بە مەرجەکانی)). (الأصـــفر، 1999، ص133). کەواتە: بە پێی ئەم پێناســـەیە ڕیالیزم پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆی هەیە بە هەردوو لایەنی واقیع وەک لایەنێک، یان ڕەهەندێکی ســـروشـــتی لەلایەک، ڕاســـتی وەک لێکدانەوەیەکی فەلسەفی بۆ ڕیالیزم لە لایەکی دیکەوە.

هەروەها "گیورگی گاتشـیف" یش بەمشـێوەیە پێناسـەی ڕیالیزم دەکات ((ڕیالیزم بریتییە لە سـەرلەنوێ بەرهەمهێنانی واقیع لە شـــێوەی هەمان ژیاندا)). (غاتشـــيف، 1990، ص245). نەک وێنەگرتنی واقیع بەبێ زیادکردن و کەمکردنی دروســـتکردنەوەی جیهانێک، وەک ئەوەی کە هەیە "بیلینیســـکی"ش بەمشـــێوەیە پێناســـەی ڕیالیزم دەکات: ((دووبارە دروستکردنەوەی واقیعە لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییانەی، کە واقیعیەکە لە خۆی دەگرێت)). (التكريتي، 1990، ص225). لە م پێناسـانەی سـەرەوە کە ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین بڵێین: ڕیالیزم قوتابخانەیەکی ئەدەبی هزرییە، کە واقیعی ژیان لە کۆمەڵگادا وێنا دەکات، شـــۆڕشـــێکە دژ بە خراپەکانی ژیان، هەوڵێکە بۆ چارەســـەرکردنی زانســـتییانەی کێشـــە و گیرگرفتەکان، داوای داهێنانی ئەدەبی دەکات، ئەدیبانی ســـەر بەم ڕیالیزمە کێشـــەکانی کۆمەڵ دەکەن بە بابەتی ســـەرەکی لە بەرهەمەکانیان و بابەتی ئەزموونەکانیان لە کێشـە کۆمەڵایەتییەکانی سـەردەم و کەسـایەتییەکان لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا وەردەگرن.

### 2-2:مێژووی سەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕیالیزم:

ناتوانین بە ئاســـانی دەســـتنیشـــانی ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕیالیزم بکەین، بە هۆی جیاوازیی بیروڕای لێکۆڵەران سـەبارەت بە دیاریکردنی مێژووی سـەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیە، ئەمەش بە هۆی جیاوازیان لە دیاریکردنی تێگەیشتنی ناوەڕۆکی ڕیالیزم، هەندێکیان ئەم دەستەواژە تەنها لە ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمدا لە کێشانی وێنەی هونەرییدا بینیووە، بە بوونی ڕیالیزم هەتا لە داســـتانەکانی "هۆمیرۆس و ئەســـخیلۆس و ســـۆفۆکلیس" . ئەوانەش کە وتیان وێنەکێشـــان نابێتە ڕیالیزم و قوتابخانەی ڕیالیزم دەســـتپێناکات هەتا تێگەیشـــتنی هونەریی وەک واقیعی لێدێت، کاتێک ئەم تێگەیشـــتنە دەچێتە ناوەوە، نەک لە یاســـا ئەندێشـــەییەکاندا (ئەفســـانەناســـیی لای گریک و لایەنە شـــاراوە و پەنهانەکانی تر لە ئەورووپای ســـەدەکانی ناوەڕاســـت، بەڵکو لە یاســـا ڕاســـتەقینەکاندا کە تایبەتن بە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، ئەم چەمکانە بە ئەفراندن و داهێنانی دیاردە جۆر بە جۆرەکانی واقیع دادەنرێت)). (التكريتي، ص333). ڕیالیزم وەک دیاردەیەکی مێژووی لەو کاتەوە سەریهەڵداوە، کە کۆمەڵ هەست بە ئێش و ئازار و جیاوازی چینایەتی

دەکات. واتە: لەگەڵ هۆشـــیاربوونەوەی کۆمەڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بێ کەموکوڕی نییە، بۆیە، ئێمە ڕیالیزم بە تاکە قوتابخانە یاخود دوا قوتابخانە لە هونەردا دانانێین، بەڵکو جەخت لەســەر ئەوە دەکەینەوە، کەوا قوتابخانەیەکە لەگەڵ ئەوەی کە هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە. (فضل، 1978، ص42).

بەڵام ڕیالیزم وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی و کات و مێژووی ســـەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاســـتی ســـەدەی نۆزدەهەم، کە لە دوای ڕۆمانسییزم دەرکەوت و سەریهەڵدا. سەرەتای ناونانی قوتابخانەکە ، زاراوەی "ڕیالیزم" بۆ یەکەمجار ڕۆماننووســی فەڕەنســی "شــامپفلێری-champfleury 1821-1889" لە ســاڵی " 1843" لە یەکەمین نووســـینەکانی خۆیدا هێناویەتە ئاراوە. (تیجیم، 1983، ص240). لە "مانیفێســـتی ڕیالیزمدا" ئاماژە بەوە دەکات و نووســیوویەتی: ((ناونیشــانی ڕیالیســت دەدرێتە پاڵ من وەکو چۆن ناونیشــانی ڕۆمانتیک دەدرێتە پاڵ نووســەر و شــاعیرانی ســاڵی 1830)). (حوســێنی، 2006، ل85). هەروەها "شــامپفلێری" لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێیەکانی بەناوی "دوورانتی-Duranty" گۆڤارێکی ئەدەبی دەرکرد بە ناوی "ڕیالیزم" ماوەی ســـاڵێک بەردەوام بوو چەند وتارێکی لە سەر چەمکی ڕیالیزم بڵاوکردەوە و لەو نووسراوانەدا بنەما سەرەتاییەکانی ڕیالیزم دیاریکرا وەک:-

1- هونەر، دەبێت نواندنێکی وردی جیهانی واقیعی پێشکەش بکات.

2- لە ژیان و دابونەریتی کۆمەڵ بکۆڵێتەوە لە کاتی تێبینیی ورد و شیکردنەوەی هەستیار ئەو کارەش جێبەجێ بکرێت بەشێوەیەکی بابەتی دوور لە هەست و سۆز و بەربەرەکانیەتیی کەسایەتی.

3-ڕۆماننووس دەبێت پێش هەموو شــتێک لە دیمەنی کارەکتەرەکان بکۆڵێتەوە پرســـیاریان لێبکات و لە وەڵامەکانیان وردبێتەوە و شــارەزایی لە شــوێنەکانیان پەیدا بکات و لە دراوســێیەکانیان بپرســێت بەمەش دەگاتە زانیارییەکی ڕوون بەوشێوەیەی کە لە خەیاڵی خۆی دایناوە. (فضل، ص13-14).

قوتابخانەی ڕیالیزم وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر بە ڕۆمانســییزم ســەریهەڵدا، چونکە ڕۆمانســییزمەکان لەنێو خەو و خەیاڵدا ڕۆچووبوون و مرۆڤیان لە واقیع دووردەخســتەوە لە ڕێگەی ســازاندنی جیهانێکی ناواقیعی بەربەســتێکیان لە نێوان خۆیان و خەڵکدا دروســـــت کردبوو. ((ڕیالیزمی ئەوروپی لە نیوەی دووەمی ســـــەدەی نۆزدەیەمدا لە وەڵامی ڕۆمانســــییزم ســــەریهەڵدا، کە زۆر لە خەیاڵ و وەهم و خەوندا دەژیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری مرۆڤ و نەهامەتییەکانی لە خەباتی ڕۆژانەیدا لەنێو کۆمەڵگە و هەل و مەرجی تایبەتیدا بەمشـــێوەیە ڕیالیزم لە کاردانەوەی ڕۆمانســییزم ســەریهەڵدا، هەر وەکو چۆن پەرناســییزم و ســیمبۆلییزم لە ڕووی جوانی و ڕووخســارەوە وەڵامیان دایەوە)). (الأصفر، ص86).

کاتێکیش دێینە سەر باسی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، پێویست دەکات چاوێک بە مێژووەکەیدا بخشـێنینەوە. وەک ئاشـکرایە ئێمەی کورد خاوەنی ئەدەبێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆرین، دەتوانین بڵێین: کە ئەم ئەدەبەش بەرهەمێکی زۆری تێدایە کە بنەچە و ڕەگوڕیشەی ڕیالیزمی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە بەرهەمی فۆلکلۆری ڕەنگدانەوەی کەتواری ژیانی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگەی کوردەوارییە، هەر لە ژیانی جووتیاری و لادێنشـــینی و ژیانی ناو دیوەخانی کوردەوارییەوە، ئەمانە لە خۆیاندا کۆمەڵێک بەرهەم پێکدەهێنن، کە دەشـــێن بچنە ناو خانەی ئەدەبی ڕیالیزمییەوە، لەم بارەیەوە "د. عیزەدین مســتەفا ڕەســوڵ" ســەبارەت بە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەڵێت: "فۆلکلۆری کوردی بوو بە بناغەی بەهێزی نوێکردنەوەی شـیعری کوردی، شـاعیرانی تازەمان لە فۆلکلۆرەوە کێشـــــی شـیعرییان وەرگرت و سـوودیان لە داسـتان و گۆرانییەکان بینی، جیا لەمانەش ناوەڕۆکی فۆلکلۆری کاریگەریی زۆری هەیە لەسـەر شـاعیر و ئەدیبانی ڕیالیســتی لە ئەدەبی کوردیدا". (ڕســول، 2010، ص10). بە پێی ڕایەکی تر ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا لە ســـــەدەی بیســـــتەمدا زیاتر ســـــەرهەڵدەدات و جۆرەکانی ڕیالیزمی بەخۆیەوە بینی و بووە مەیدانێکی کاریگەر بۆ گەشـــەســـەندنی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، بە لامانەوە ئەدەبی کوردی زیاتر بە ئەدەبی ڕیالیزم دەناســـرێت، چونکە ڕیالیزم زیاتر دەتوانێت لەکێشـــەکانی ژیانی مرۆڤی کوردی هاوچەرخ نزیک ببێتەوە و دەبێتە ئەو ئاوێنە ئەدەبییەی خوێنەری بەرهەمی ئەدەبی زیاتر چێژی لێببینێت. (مستەفا، ل29).

ئاشـــكرایە كە لە پێش قوتابخانەی ڕیالیزمی لە ئەدەبی كوردیدا، لە دەقە ئەدەبییەكاندا پێڕەوی ڕۆمانتیكی دەكرا، ســـەرەتاكانی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیكی دوای جەنگی یەكەمی جیهان دەركەوت، ڕۆمانتیكی تەمەنێكی درێژی نەبوو لە ئەدەبی كوردیدا، دنیایەكی پڕ لە خەون و خەیاڵ بوو، شـــاعیر و ئەدیبانی پێڕەوی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە گەلێك لەو واقیعە ســـەختە دابڕابوون و دوور كەوتبوونەوە كە كۆمەڵگەی تێدا دەژیا، ئەمان لە بری ئەوەی ڕێگەخۆشـــكەر بن لە هۆشیاركردنەوەی خەڵك و دەرخستنی خاڵە لاوازەكانی هۆكاری دواكەوتنی كۆمەڵ و پەنجە خستنە سەر برینەكان و گەڕان بۆ چارەسەرییان، شوێن خەون و سۆز و ئەندێشـەكانیان كەوتبوون و بەم ئاڕاستەیەش زیاتر زامەكان قووڵتر دەبوونەوە. سەختی بارودۆخەكە و پێویستیی قۆناغەكە وایكرد، كە شاعیر و ئەدیبان ڕووبكەنە قوتابخانەیەكی نوێ و بەرهەمەكانیان لە واقیعی ژیانی كۆمەڵەكەیان هەڵبهێنجێنن و بە بەرهەمەكانیان وێنەیەكی ڕوونی واقیعی ســـەردەمەكەیان بكێشـــن و ببنە ئاوێنەیەكی ڕوون بۆ دەرخســـتنی زام و ئازێشـــە ئاڵۆزەكان و ئەو هۆكارانەی ڕێخۆشـــكەرن بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارە، هەروەها هانی خەڵكی بدەن لەگەڕان بە شـــوێن چارەســـەری گونجاو لەكەمكردنەوەی خەم و كێشەكانی كۆمەڵگە.

پەیدابوون و پێڕەو كردنی ڕیالیزم پێویستییەكی زۆر گرنگە لەم بوارەدا. ئیتر ڕیالیزم بە چالاكییەكی فراوان لە بەرهەم و دەقە ئەدەبییەكاندا ڕەنگدەداتەوە، و پێڕەوكەرانی ئاوێتەی ڕووداوەكانی سەردەمەكەن لە هوشیاركردنەوەی خەڵكیدا ڕۆڵی كارا دەبینن. كەواتە: لە ئەدەبیاتی كوردیدا لەبەر ئەوەی پێویستییەكی ژیان هەر لەسەرتاوە هێناویەتییەكایەوە، كە پێویســـتیی گەڕانەوە بۆ ســـەر زمانی زگماكی كوردییە، لەبەرئەوە هەر لەســـەرەتاوە هەندێ بنەما و ڕەگوڕیشـــەی دەربڕینی ژیانی خەڵكی تیادایە و ڕیالیزم لە زەوی ئەو ئەدەبیاتە ڕەگ دادەكوتێ، دەتوانین لە هۆنراوەكانی شـــاعیرانی وەك "بابە تایەری هەمەدانی و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و حاجی قادری كۆیی و نالی و ســـالم و چەندانی تر " دا بە تەواوی ئەم بنەما و ڕەگوڕیشـــانە بەدیدەكەین، چونكە شـیعری ئەم شـــاعیرانە ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازارەكانی كۆمەڵی كوردی تیا بەدیدەكرێت. ( غفور، 2015، ل120) . ڕیالیزم زۆریشـــــــــی ویســـتووە، تا بووە بە پێڕەو و قوتابخانەیەكی ئەدەبیی وا كە ڕێوشـــوێنی دیاری هەبێت و پانتایی بەرهەمی ئەدەبی كوردی بگرێتەوە. ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گەورەی جیهانی، ماوەی دەركەوتن و گەشەسەندنی بنەما و ڕەگوڕیشەی قوتابخانە ئەدەبییەكانی ترە، ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی و دوای جەنگ كێشـــە و ململانێی ڕۆمانتیك و ڕیالیزمە، دوای جەنگ دەبێتە هۆی چەســـپاندنی خەســـڵەتەكانی ڕیالیزم لە ئەدەبی كوردیدا. (س.پ، ل87-91). ئەمەش لەبەرئەوەیە ژیانی میللەتی كورد وایەدەكرد هونەر وردە وردە ببێت بە ئاوێنەی ژیان و خەباتی گەل و هونەرمەندانی زیاتر بە نیشـــتیمان و گەلەوە دەبەســـتەوە. بەمجۆرە بەرە بەرە بابەتەكانی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگدا، باویان نەما و بەرەو نەمان دەچوون، یان لە جۆری دەربڕیندا گۆڕانیان بەسەردا دەهات، شاعیر و ئەدیبانی ئەم سەردەمەی ئەدەبی كوردی دەستیان كرد بە پەرەپێدان و بەرەو پێشـــبردن و فراوانكردنی ئەو بنەچە و بنەما و ڕەگوڕیشـــەكانی ڕیالیزم، تا وای لێهات لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی ژیانی نەتەوەی كورد دا لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان قوتابخانەیەكی ڕیالیزمی تایبەت بێتە ئەنجام و ناوەرۆكی ئەمجۆرە ئەدەبە تازەیە دەست بەسەر بەشی زۆری ئەدەبەكەماندا بگرێت.

بەدەربڕینێكی تر، وەك دەزانین ماوەی نێوان جەنگی یەكەم و دووەمی جیهان، ماوەی كێشـــەی نێوان قوتابخانە ئەدەبییەكانی جیهان بوو، پاشان كێشەكە بە سەركەوتنی ڕیالیزم كۆتایی هات. لە ئەدەبی كوردیشدا، ئەدەبی ڕیالیزمی سـەنگی خۆی دیاریكرد و ژیان و خەباتی گەلی كورد شـانبەشـانی گەلانی جیهان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیمپریالیزم دا بە جۆرێكی هونەرمەندانە ڕەنگدەداتەوە. دەتوانین بڵێین: سەرەتای سەرهەڵدانی ڕیالیزم لە ئەدەبی كوردیدا، لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانە، لە ســـاڵانی جەنگی دووەمی جیهانی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هۆشـــیاری نەتەوەیی و گیانی شـــۆڕشـــگێڕی، ئەدەبی كورد ڕووەو قوتابخانەی ڕیالیزم هەنگاوی خێرایان ناو ڕووداوەكان دەبنە هەوێنی بابەتە ئەدەبییەكان. (حوسێن، 1995، ل72).

## 3-2:ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی:*

ڕیالیزمی شـــۆڕشـــگێڕی ڕێچکەیەکە لە ڕێچکەکانی قوتابخانەی ڕیالیزم، لە بارەی چۆنیەتی ناونانی ئەم ڕێچکەیە بە ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی بیر و بۆچوونی جیا خراوەتەڕوو، هەروەها توێژەرانی بواری ئەدەب جەخت لەوە دەکەنەوە بەر لەوەی ئەم ناوەی لێبنرێت چەندین ناوی دیکەی بۆ پێشنیاز کراوە، بەڵام هیچیان جێگەی نەگرتووە و نەڕۆیشتووە لەو ســـەردەمەدا پێدەچێت "ســـتالین" خۆی پێشـــنیازی ناونانی "ڕیالیزمی شـــیوعیگەری" کردبێت، بەڵام ئامادەبووان لەو باوەڕەدا بوون کە بارودۆخی کۆمەڵگای سۆفیەتی و ئەدەبی سۆڤیەتی هێشتا پێنەگەیشتووە، تاکو ئەم ناوەی بەسەردا ببڕێت، هەندێکی تر پێشنیازیان کرد ببێتە " ڕیالیزمی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕی"، بەڵام ئەدیبەکان دوودڵ و ڕاڕابوون لەنێوان هەندێک زاراوەی تر وەک "ڕۆمانسیزمی شـۆڕشـگێڕی" و "ڕیالیزمی مەزن". لەکۆتاییدا هەموویان لەسـەر ئەوە کۆک بوون کە ئەو پێشـنیازەی " مەکسـیم گۆرکی" کردبووی بەناوی "ڕیالیزمی شـۆڕشـگێڕی" بیچەسـپێنن. (جاباللە، 2005 ، ص63). کەواتە " مەکســیم گۆرکی" لە نێو نووســەر و ئەدیبان و لە ناوەندی ئەدەبیی ســۆڤیەتدا ســەنگ و پێگەیەکی شایستەی هەبووە و هەروەها توانا و هزرییەکانی ئەو ئەدیبە دەردەخات، کە چۆن لەگەڵ واقیعی وڵاتەکەی و واقیعی وڵاتانی تر مامەڵە بکات. ڕیالیزمی شـــۆڕشـــگێڕی لە ئەنجامی پەرەســـەندنی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەوە ســەریهەڵداوە، تەنها بەڕەخنەگرتن لە کەم و کورپییەکان ناوەســتێ، بەڵکو بەگیانێکی شــۆڕشــگێڕی باوەڕی بەگۆڕان و هێنانە کایەی بارودۆخی تازە هەیە ئەم قوتابخانەیە ((مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەحاڵەتی پەرەســـەندن و گۆڕانکاریدا وێنە دەکێشـێت باوەڕێکی شـۆڕشـگێڕی و پتەوی بە گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵگا هەبووە لە خراپەوە بەرەو باش لە باشـەوە بەرەو باشـتر )). (قادر، 2022، ل95). ئەم ڕێچکەی ڕیالیزمە زیاتر بایەخ بە گیانی شـۆڕشـگێڕی مرۆڤ دەدات لە هەوڵدانی بۆ گۆڕینێکی بنەڕەتی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگەکەی، ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانە نالەبارەی لە واقیعیدا هەیە بۆیە: ((ئەو ئەدەبە یاخییە، شـۆڕشـگێڕە خۆی لە ڕەتکردنەوەی ئەو لایەنە جۆراوجۆرانەی ژیانی مرۆڤدا دەبینێت، کە لەگەڵ سروشتی ژیانی سەردەمە نوێیەکەدا ناگونجێت)). (سابیر، 2005، ل608). شۆڕشگێڕێتیی دەبێت هەمیشە دوو کردەوەی تێدا بێت، ڕەتکردنەوە و هەڵتەکاندنی شتێک و بنیاتنانی شتێکی تر لە شوێنی ئەودا، واتە دوو کردەوە کە یەکێکیان بەهۆی ڕوودانی ئەوی دیکە دادەنرێت و یەکێکیشیان بە ئەنجامی ئەوی دیکەیان. (س.پ.، ل606). ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئەو وڵاتە، یان ئەو نەتەوەیەی تێیدەکەوێت سەرهەڵدەدات، ئەدیبان پەنای بۆ دەبەن و دەقەکانیان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاراستەیە دەنووسن، واقیعە نالەبارەکە دەخەنە بەرچاو بۆ وریاکردنەوەی خەڵک، بۆ ئەوەی دژی ئەو واقیعە نالەبار و خراپە هەڵبســـتن و ڕاببپەڕن و بیگۆڕن، هەر وەکو "ژدانۆف" لە کۆنگرەی یەکەمی نووسەرانی سۆڤییەت لە ساڵی "1934" دەڵێت: پێویستە لەسەری بەشێوەیەک باسی ژیان بکات، نەک تەنیا وەکو واقیعێکی ڕوونی بابەتی، بەڵکو بەشێوەی گۆڕانێکی شۆڕشگێڕی. (کرانت، ص96).

ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی زادەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری "1917" ی ناسراوی ڕووسی بوو، هەر ئەمەش وایکردووە ئەم ڕێچکە ئەدەبییە لەسەر پێی خۆی بوەستێت و لەهەمانکاتدا زیندوویێتیی پێبەخشیووە بە بڕوای هەندێک لە ڕەخنەگر و توێژەران یەکێک لە کار و پرۆژە هەرە ســـەرەکییەکانی ئەدیب و هونەرمەندانی ڕیالیزمی شـــۆڕشـــگێڕی بە گیانی

---

* شۆڕشەکان زۆرجار لە کاتێک ڕوو دەدەن، کە خەڵکانێک کە ناچاربوون بەرگەی حکوومەتێکی ستەمکار بگرن بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ هیچ نارەزایەتییەک لە ناکاو بۆیان دەردەکەوێت، کە حکوومەت فشارەکانی کەمکردووەتەوە. پاشان چەک لە دژی حکوومەت هەڵدەگرن. (ملکوتیان،1376، ص95). شۆڕش ڕەگوڕیشەی لە مێژوودا هەیە "ئەرستۆ" بە دامەزرێنەری لێکۆڵینەوە، یان شۆڕش ناو دەبرێت. تاکو ئەمڕۆ نەتەوە لە ڕێگەی شۆڕش بە مافە ڕەواکانی خۆی دەگات. شۆڕش لە ڕووی ئامانجەوە بریتین لە: شۆڕشی ئایدیۆلۆژی، شۆڕشی سیاسیی، شۆڕشی کۆمەلایەتی (اشوری،1387،ص42). شۆڕشی سیاسیی لەگەڵ گۆڕانی حکوومەت دایە بەبێ گۆڕانکاریی لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بریتییە لە گواستنەوەی خێرا و بنچینەی حکوومەت و پێکهاتە چینایەتییەکانی کۆمەڵگەیەک. لەگەڵ تێکچوونی چینایەتی دایە. شۆڕشەکانی ساڵی "1917" لە ڕووسیا و "1949" لە چین باشترین ئەنجامیان بۆ هەموو جیهان هەبووە زۆربەی شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم لە کۆمەڵگە گەشەسەندووەکاندا ڕوویانداوە وەک: مەکسیک، تورکیا، میسر ، ڤێتنام. (سمیعی و رضا، 1378، ص119).

بەرپرســـانە لە چۆنیەتیی بارودۆخی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەڕوانن، ئەو چین و توێژانەی کە بە چینی خوارەوە دەناســرێن و لەلایەن چینی ســەرەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ناســۆریی و ململانێی ناهاوســەنگ دەکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستە ڕیالیستییە شۆڕشگێڕەکان پێیانوایە ڕزگارکردنی جەماوەری زەحمەتکێش و ڕەنجدەر، مەرجی پێویستیی بەختەوەربوونە. واتە شــوێنێکەوتوو و پەیڕەوەکەرانی ڕیالیزمی شــۆڕشــگێڕی لەگەڵ ئەوەدا نین خۆیان لەو بەرپرسیاریەتییانە بدزنەوە، کە لەسەر هەر تاکێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دووچاری ناڕەحەتیی و ناهاوسەنگییەکی لە ڕادەبەدەر بکەنەوە لەســەر شــان و باڵی جەماوەرێکی زەحمەتکێش و ڕەنجدەر قەڵای ستەمکاریی بونیاد بنێن. (قادر، ل96). هەروەها ئەدیب و هونەرمەندانی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی گرنگیی و بایەخی شێوەکانی ڕۆمانتیکی دەزانێت و دەستبەرداریان نابێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕۆمانسی شۆڕشگێڕانە دەقەکانی زاخاو دەدات. هەروەها لە ڕێی وەرگرتنی ئەو بابەتە پێشکەوتووانەی کەلەپووری نەتەوایەتیی و خەرمانی کەلەپووری بیری مرۆڤایەتی هەمیشە لە هەوڵی زیاتر بە پیتکردنی بەرهەمەکەیەتی وەک ئەوەی دەقەکانی بە پێشــکەوتووترین بیر و بیرۆکە و تێروانینی ســەردەمەکەی موتوربە دەکات. (مطلب، ل13).

ئەم خەسڵەتەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی لە کارەکانی هەموو ئەدیب و هونەرمەندێک بەدی ناکرێت، تەنیا لە بەرهەمی هەندێک لەوانەی کە هەست بەو بەرپرسیاریێتیە مێژووییە دەکەن، دەیانەوێت ئەوەی لە ئەستۆیانە ئەنجامی بدەن، چونکە ئەدەب و هونەری شــۆڕشــگێڕیش بەرهەمی ئەو هونەرمەند و ئەدیبە شــۆڕشــگێڕانەن کە ژیانی میللەت لە کارەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە. (میراودەلی، ل66). ئەم کارەشیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پەیوەندییەک هەیە لە نێوان شۆڕش و هونەر، یان هونەرمەند، ئەویش ئامانجی هاوبەشە. ((هونەرمەند و شۆڕش لە خاڵی ئاکام و مەبەستدا یەکلاییدەبنەوە ، بەو پێیەی هۆشیاریی شۆڕش بەرپا دەکات و شۆڕشیش، شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی لێوە بەرپا دەبێت گۆڕان و هاتنە پێشــەوەی بیروبۆچوون و پەیوەندیی نێوان دابونەریتی نوێ، شــێوازی نوێ. جارێکی دی لەســەر بنەمایەکی تازە و خوڵقاو کار و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و گشت لایەنێکی ڕێکدەخرێتەوە)). (سالار، 2005، ل90). ئەو ئەدیبانە هەریەکەی ئەو بارودۆخ کێشــە و نەهامەتییانەی باسکردووە کە تێیدا ژیاوە، یان گەلەکەی دووچاری دەبێت، ئەویش وێنەی دەکێشــێت و دەیخاتەڕوو، لە چوارچێوەی قوتابخانەی ڕیالیزمدا، ژانری باو بریتیە لە ڕۆمان ئاواش ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی ئامێزی بۆ ژانری ڕۆمان واڵا کرد و لە خۆی گرت ((لە کاتی شۆڕشدا گۆڕانێکی قووڵ لە تاک ڕوودەدات، ژانری ڕۆمانیش هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی ئەو کەرتبوون و پەرتبوونەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، کە لە کەسێتییە جیاوازەکان، بە ئاڕاستە و ڕووگەی جیاوازییانەوە ، ئەزموونەکەیان لق و پۆپیان لێدەبێتەوە لە ململانێدا دەبێت لەگەڵ حەز و خولیا و هەڵوێستەکانیان)). (عبیدي، 1983، ص8). کەوا بێت ڕیالیزم و ڕێچکەکانی باوەشیان بۆ ژانری ڕۆمان کردبێتەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ژانری ڕۆمان لە ســەردەمی ڕیالیســتیبوونی ئەدەبدا ژمارەی بێشوماری تۆمارکردووە، چ لە ڕووی چەندیەتییەوە، چ لە ڕووی چۆنیەتییەوە، بوونی ئەم دیاردەیە بەرهەمهێنبوونی ژانری ڕۆمان هەر لە وڵاتێکدا نەبووە، بەڵکو ئەم دیاردەیە زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپا دەگرێتەوە لە ســەرووی هەمووشیانەوە هەردوو وڵاتی فەرەنسا و ڕووسیایە. (قادر،97). هەروەها بڵاوبوونەوەی بیر و بیرۆکە و دیدگەکانی سەر بەم ڕێچکەیە گرنگییەکی کاریگەری هەیە دەشێت بە ئاسانی هەستی پێنەکرێت و بایەخی وەک پێویست نەزانرێت لەکاتێکدا گرینگی ئەدەبەکە، یاخود ژانرەکە لە چوارچێوەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی، لە شوێنکاتی شۆڕشدا وەکو گرنگی و پێویســتی ئاو و هەوایە لە ژیانی مرۆڤەکاندا کە هەمیشــە مرۆڤ هەوڵی بەدەســتهێنانیان دەدات بەمەبەســتی بەردەوامیدان بە ژیان.

## 4-2: ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی لە هەردوو ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) و (کەناڵی مەیموونەچەکدارەکان) ی "کاروان عومەر کاکەسوور" دا

## 5-2: ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی:

مەبەست لەمجۆرە ڕیالیزمە تێکەڵکردنی بیری نەتەوایەتی و کێشە نەتەوایەتییەکانە، لەگەڵ ئەدەبدا، واتە ئەدیبانی هەر نەتەوەیەک لە دەقێکی ڕیالیستیدا کێشە نەتەوایەتییەکانی خۆی ئاوێتە دەکات، چونکە ئەمان خێراتر هەست بە نامۆیی دەکەن، ئەمەش تووشی یاخیبوونیان دەکات، بە توندی دەبنە لایەنگیریی گۆڕانەکان لەپێناوی هێنانە ئارای کۆمەڵگایەکی بێ کێشە و گیروگرفتی ئازادیی و یەکسانیی تیایدا باڵادەست. (سلام، 2021، ل309) بە گەڕانەوە بۆ مێژوو ئەوە بەدیاردەکەوێت لەگەڵ شۆڕشە "سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی" یەکاندا هونەر و ئەدەبیش شۆڕشی خۆیان ئەنجامدەدەن، تاکو بتوانن شانبەشانی گۆڕانکارییەکان هەنگاو بنێن، ئەو بارودۆخ و دۆخە نوێیە لە چوارچێوەی دەقێکی ڕازاوە و بەرز و بەهێزدا دەربڕن، ببنە وێنە ڕاستەقینەی گۆڕانکارییەکانی ناو ژیان. ڕەنگدانەوەی شۆڕش لەناو دەقێکی ئەدەبیدا دەبێتە لایەنێکی دیاری شۆڕش و گۆڕانکارییەکان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، لە توانایاندایە ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە تێکەڵ بە شۆڕش ببن و ببنە پشتیوانی بەهێز بۆ شۆڕشە جەماوەریی و سیاسییەکان، ئەگەرنا هەر لەدووریشەوە بێت، لە توانایدایە لایەنگری خۆی بۆ شۆڕشەکە دەربخات.

هەست و بیری شۆڕشگێڕیش بەشێکە لە پێکهاتەی ڕۆشنبیریی تاک و کۆمەڵ، کەسی داهێنەری دەق کاری لەسەر دەکات، لە نووسین و بەرهەمەکانیدا دروستی دەکات، بە ئەنجامی چاندن و پەرەپێدانی ئەو هەست و بیرە لەناو ناخ و کەسایەتیی تاک و کۆمەڵدا. هەربۆیە دەق و بەرهەمەکانی ئەدیبە شۆڕشگێڕەکان سەرچاوە و هۆکاری گەورەی بەهێزکردن و پەرەپێدانی لایەنە شۆڕشگێڕییەکەی ناو نەتەوەکانن. (س.پ.، ل310)

لەناو ئەدەبی کوردیدا سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ڕیالیزمە "شۆڕشگێڕی" پەیوەندی هەیە، بەدۆخی داگیرکاریی خاکی کوردستان و پارچەپارچە کردن و دابەشکردنی خاک و نەتەوەی کورد بەسەر چەندین دەوڵەتی جیاجیادا. نەتەوەی کورد خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژی پڕ لە داگیرکارییە، بە هۆیەوە لە ئازادیی سیاسیدا بێبەشکراوە. بە درێژایی مێژووی داگیرکاریی، گەلەکەمان لە دۆزەخێکی ئەوتۆدا دەژێت، کە هیچ دەرفەتێکی نەبووە، پەیڕەوی ئازادییە سیاسییەکانی خۆی بکات و بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسییانەی خۆی بدات، جۆر و شێوازی سیستەمی حوکمڕانی بۆ خۆی هەڵبژێرێ و دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت. ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی ئەوەی مەیدانی ئەدەب ببێتە ئەو پانتاییەی، کە هۆشیاری ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانیی و بیرۆکە و پلانە سیاسییەکانی خۆی لە ڕێگەی دەنگە ئەدەبییە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکانییەوە دەربڕێت بەهۆیەوە مەزنترین خزمەتی گەلەکەیان کردووە. (ئامێدی، 2005، ل160-161).

ڕۆمانی کوردی هەر لە سەرەتای شەقڵگرتنییەوە تا ئێستا نەیتوانیووە خۆی لە لایەنەکانی خەباتی شۆڕشگێڕی دەرباز بکات. بە دیوێکیتردا دەتوانین بڵێین: خەباتی شۆڕشگێڕی هەڵگری بەشێکی توخمی بابەتەکانی نێو ڕۆمانی کوردییە. نموونەی ڕۆمانی جوان و باشمان زۆرە لەم بابەتە، وەکو "ژانی گەل"ی برایم ئەحمەد، "پێشمەرگە" ی ڕەحیمی قازی، نۆڤڵێتەکانی "زرەی زنجیر"ی مستەفا سالح کەریم ، "شار" و "هێلانە" ی حسێن عارف، "هەرەس" و "سەگوەڕ" و "ئەژدیها" ی محمد موکری. ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان دەربڕی خەم و مەینەتییەکانی نەتەوایی و ژێردەستەیی و خەباتی ڕزگاریخوازیی میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو پیشان دەدەن.

هەبوونی هەستی نەتەوایەتی شتێکی سروشتییە، خوا لە بوونی مرۆڤدا ئافراندوویەتی، بەڵام ئەم هەستەی لەسەر مرۆڤەکان بە پێویست کردووە، بۆ خزمایەتیی و خۆشەویستی بێت، نەوەک داگیرکاریی و خۆسەپاندن و لەناوبردن و قرکردنی نەتەوەی تر. کوردیش ئەم هەستی نەتەوایەتییەی هەبووە، وەک "ستالین" دەڵێت نەتەوە لە کۆمەڵە خەڵکێک

پێکدێت بەدرێژایی مێژوو لەســــەر بنچینەی زمان و زەوی و ژیانی ئابووری، یەکێتی دەروونی کە خۆی لە یەکێتی کولتووریدا دەبینێتەوە. (عەلی، جەعفەر، ل48). کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکەی سەر ئەم زەمینە گشت خەسڵەتەکانی نەتەوەی تێدایە و مافی خۆیەتی بەرگریی لەم خەســـڵەتانە بکات و بیپارێزێت، خاوەنی ئەو مافەیە کە نەتەوەکانی تری جیهان هەیانە ئەم نییەتی، مافی خۆیەتی شــۆڕش بکات، بۆ بەرگری کردن لەزمانێک کە هەزاران ســاڵە باب و باپیرانی پێی دواون و مێژووی ڕابردوویان بۆ نووسیووەنەتەوە، مافی خۆیەتی شۆڕش بکات لەپێناو بەرگریی لە خاکێک بکات، کە بەدرێژایی مێژوو لەســــەری ژیاوە و لانکەی گریان و گروگاڵی بووە، مافی خۆیەتی شـــۆڕش بکات، بۆ ئەوەی بەرگریی بکات لەو مێژووەی تیایدا نووســـیوویەتییەوە و خاکەکەی ئاوەدان کردۆتەوە، هەروەکو ئەوان مافی خۆیەتی خاوەنی کیان و ئاڵای خۆی هەبێت، بە ئازادی ژیان بکات.

بۆیە ئەم بیری شـــۆڕشـــگێڕییە، لەناو هەموو نەتەوەکانی ژێردەســـتەدا هەیە، دەکرێت و ئاســـاییە لای کوردێکی ژێردەستەی سەدان ساڵ زۆر زیاتریش بێت، وەک لە ڕۆمانی "سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە"دا، دەبینیین کارەکتەری سەرەکیی ئەم ڕۆمانە بەناوی "سەنگەر برایمی تەنتریۆف" وەکو لاوێکی دەستگێڕ لە گەراجی هەولێر شت دەفرۆشـێت، کاتێک سـەربازانی ڕژێمی بەعس دەبینێت بەرامبەریان دەوەسـتێتەوە، بەهۆی ئەو نەهامەتییانەی بەسـەر گەلی کوردیان هێناوە.

(... ئەو ســەربازانە، کە شــتومەک لە منداڵە دەســتفرۆشــەکان دەکڕن، یان بەفراو و ماســتاو لایان دەخۆنەوە، بەڵام (سەنگەری برایم تەنتریۆف) یەکەمجاری بوو لە دەمی ئەو ڕەشهەڵگەڕاوەیانە بیبیستێت پێی گوت:

– دەبیَ دە فلسم بدەیتیَ، (تێر بخۆرەوە بە پێنج فلس) بۆ مرۆڤە. بۆ کەر دووقاتە.

هەر ئەوەندە سەربازەکە دەستی بەرز کردەوە، تا بە زلـلە لە دەم و چاوی بدات، خۆشـی نەیزانی چۆن ئەو لەقەیە بەو خێراییە بەر گونی کەوت و بە پشــتدا خســتیی. لە چاترووکانێکدا وەکو ئاســک خۆی لە دەســت ســەربازەکانی دی ڕاپسکاند و نەیانزانی بۆ کویَ چوو...)). (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، 2021، ل27).

گومانی تیدانییە، ئەو هێرشە نارەواییانەی کە ڕژێمی بەعسی داگیرکەر دەیکردە سەر لادێ و چیاکانی کوردستان بە تایبەتیش لە دوای پەشیمانبوونەوەی لە ڕێککەوتنی بەیاننامەی "11"ی ئازاری ساڵی "1970" کاریگەری لەسەر دەروونی هەموو تاکێکی کورد هەبووە، چونکە سوپاکەی کارێکی وا قێزەوەنی بەرامبەر بە تاکی کورد ئەنجامدەدا، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەم وێنە بووە، بگرە هەر لەسووتانی لادێ و ڕەز و باخ و گواستنەوەی زۆرە ملیَ بۆ ناوچە دوورە دەستەکان و ئەمانە و چەندانیتر، بێگومان ئەمانە کاریگەری لەسەر هەست و سۆز و بەزەیی تاکەکانی ناو شارەکانیش هەبوو، چونکە ئەمانە خزم و کەس و کاریان لە لادێیەکان هەبووە، بۆیە لێرەدا "سەنگەر" یش ئەم کاریگەرییە دەروونییەی لەسەر بووە و بەرپەرچی داونەتەوە، وەکو ڕۆڵەیەکی کورد هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە سەربازانی ڕژێمی بەعس نوواندووە.

"گێڕەرەوەی هەمووشـتزان" لە شـوێنێکی دیکەی ئەم ڕۆمانە لە ڕێگای فلاشـباکەوە باس لە ئازایەتی و شـۆڕشـگێڕی "سەنگەری برایمی تەنتریۆف" دەکات ، چۆن بە بەرد ڕووبەڕووی جاش و سەربازانی ڕژێمی پێشووی عێراق بۆتەوە و سەر و لووتی شکاندن و برینداری کردوون.

((لە ســاڵە خەمناکەکانی حەفتا و چوار و حەفتا و پێنجدا بە دار لاســتیک بەردی دەگرتە ئەو جاش و ســەربازانەی لە پشتی زیلەکاندا دادەنیشتن و بەرەو شاخەکانیان دەبردن. بەسەر (شەقامی کوردستان)دا تێدەپەڕین، کە خەڵکی شار بە (شـەقامی شـەسـتی) ناسـراوە. هەر ئەوەندەیان دەزانی ئەمیان سـەری، یان لووتی شکاوە، ئەویان شـانی داڕزاوە. ئەوی دیکەیان دەسـتی لە جیَ چووە... نیوەڕۆیەکیان بەردێک سـەری شـۆفێری یەکێ لەو زیلانەی پێکا. سـووکانی لە

دەستچوو. تایە زلەکانی بەر شۆستەکە کەوتن. لەوێ بۆ ناو کەندەکە ملی نا. تەقلەیەکی لێدا و هەڵیرشتن. بێجگە لە شۆفێرەکە چواری دیش مردن. بریندارەکانیان گەیاندە نەخۆشخانە. ئەگەرچی ئەو هەواڵە لەسەر تا پێی شاردا دەنگی دایەوە و شەویش لە ئێستگەی شۆڕشدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی خوێنرایەوە..)). (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، 2021، ل81).

لەم دەقەدا دەبینین، لەنێو دڵی "سەنگەری برایمی تەنتریۆف"دا ئاگرێکی تووڕەیی گڵپەیداوە، ئاگرێک لە ئەنجامی ئەو زوڵم و ستەمەی، کە سەربازەکانی ڕژێمی بەعس بەرامبەر ڕۆڵە و لادێ و چیاکانی کوردستان ئەنجامیان دەدا، چاوەکانی "سەنگەر" شایەتی ئەو کارە قێزەونانە بووە، کە بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان دەکرا، چۆن ئەو سروشتە جوانەی کوردستان دەکرایە خەڵوز و ماڵەکانیان دەڕووخاند. خێزانەکان وەک باڵندەکانی کۆچبەر دەربەدەر دەکران، تاکەکانی کورد لەژێر دادگای فەرمانی بەعسی بێبەزەیدا سزا دەدران. ئەم دیمەنە دڵتەزێنانە و ئەو ئاگرەی نێو دڵی "سەنگەر" وایکرد هەست بە ئەرکێکی سەروەری و پیرۆز بکات. بۆیە "سەنگەر" نەیدەتوانی بێدەنگ بێت، وەک کەسانی تر تەماشاکار بێت لە کاتێکدا، کە برا کوردەکانی لەژێر ئەشکەنجە و لێداندا دەیان ناڵاند. لەبەر ئەوە ڕێگریان لێدەکات و تۆڵە لە هەندێکیان دەکاتەوە، ئەویش بە هاوێشتنی بەرد و بریندارکردنییان، هەندی جار مردنیشی لێدەکەوتەوە. ئەم هەڵوێستە ئازایانەی "سەنگەر" ڕەگی لە قووڵایی کەسایەتی و مێژووی گەلی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە، گەلێک کە بە درێژایی سەدان ساڵ ڕووبەڕووی ستەم و ناعەدالەتی بووەتەوە. بۆیە باکی بە گیانی خۆی نەبووە و شەهید بوونی، وەک تاجێکی شانازی لەسەر سەری داناوە. ئەوان نەیانویستووە ژیانێکی سەرشۆڕی بۆ دوژمنە یەک لەدواییەکانی کوردستان بەسەر ببەن، بەڵکو بە دڵنیاییەوە ڕێبازی شەهید بوونیان هەڵبژاردووە، لە پێناو ژیانێکی ئازادانە و شایستەتر.

لەم دەقەشـــدا، یەکێک لە کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە ئازایەتیی و بەرەنگاربوونەوەی "ســـەنگەری برایمی تەنتریۆف" بەرامبەر پیاوانی ڕژێمی بەعس پیشاندەدات، کاتێک " سـەنگەر" دەیەوێت لە هەولێرەوە سـەفەر بکات بۆ کەرکوک بۆ ماڵی خۆشـەویسـتەکەی، بەڵام لە ڕێگادا تووشـی مەفرەزەیەکی پیاوانی ڕژێم دەبێتەوە شـەڕ بە خەڵک دەفرۆشـن و شتیان لێ دەدزن، ئەمیش پێی قبوڵناکرێت، لە بەرپرسەکەیان دەدات.

((... دابەزین و لە ڕیزەکەوە وەســـتاین. ســـەرۆکەکەیان چوار شـــانەیەکی چاوزەقە. بە (حەمێش) بانگی دەکەن. بە دیشـداشـەیەکی چڵکنەوە وەسـتابوو و سـووک سـووک قامچیەکەی بە ڕانی خۆیدا دەکێشـا لە کوڕەکانی دەڕوانی، کە نەفەرەکانیان دەپشـکنی. هێندەم زانی شـڵپەیەک هات و یەکێ لەو چەتانە بە دەمدا کەوتە سـەر خۆڵەکە. لە تۆزدا نقووم بوو... بەویشەوە نەوەستا. هەر خێرا خۆی هەڵدایە سەر (حەمێش)ی گامێشەوە و قامچییەکەی لێ سەند. کەلـــلەیەکی لەناو دەمی دا، خوێن فیچقەی کرد. بە هەمان خێرایی چەند بۆکسـێکی دی بۆ ناو سـکی و لە پەلوپۆی خسـت. ئەوانی دی هەریەکە بە لایەکدا هەڵات. نەفەرەکان دوایان کەوتن و پارە و شـتەکانیان لێ سـەندنەوە)). (سـوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، 2021، ل156).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ســـەربازانی ڕژێمی بەعس هیچ متمانەیەکیان بە تاکی کورد نەبووە، هیچ کات لەگەڵ ئەوە نەبوونە کە بە ئازادی بژین، یاخود بە ئازادی هاتووچۆ لە نێو شـــار و لادێیەکان بکەن، هەمیشـــە بەدوای بە هانەیەک گەڕاون بۆ ئازاردانی تاکی کورد و سوکایەتی پێکردنییان، بۆیە لە بازگەکان ئەفسەر و سەربازانی ڕژێمی بەعس زۆر ئازاری خەلکەکیان داوە، بگرە ئەوەی بەنرخیش بووە لەلایان لێیان سەندوون بۆ خۆیان بردوویانە، "سەنگەر"یش وەکو لاوێکی کوردی خوێن گەرم ئەو ناهەقییانەی کە بەرامبەر ئەو خەڵکە دەکرا پێی قبووڵ ناکرێت بەرەنگارییان دەبێتەوە لێان دەدات، پارە و کەل و پەلەکان بۆ خاوەنەکانیان دەگەڕێنێتەوە.

مێژووی ئەو دەقانەی کە بەرەنگاریی و شـۆڕشـگێڕێتیی تێدابەدیدەکرێت، لەوکاتەوە دەسـتپێدەکات، مرۆڤەکان وەکو

هۆز و بنەماڵە لە ناوچەیەک پێکەوە ژیاون، بەرگرییان لەو ناوچەیەی بندەستی خۆیان کردووە، ئەم بەرگرییە تەنیا بە قوربانیدان بە ماڵ و گیان نەبووە، بەڵکو لە ناویاندا کەسی لێهاتوو و زیرەک هەبووە، دەنگی خۆی لە پاڵ شیعر و چیرۆک و ڕۆماندا دەربڕیووە، بۆ هاندانی هۆزەکەیان، یان تا بەو هاندانە زیاتر و باشتر بەرگریی لە ناوچەکەیان و ماڵ و سامان و پیرۆزییەکانی خۆیان بکەن. وەک دەبینین، کاتێک "سەنگەر برایمی تەنتریۆف " بە هاوڕێی " فەرەیدونی یوسف" پاسکیلچی دەڵێت: بۆچی ناچیتە شاخ و نابیت بە پێشمەرگە، ئەویش وەڵام دەداتەوە، کە بەنووسینی کتێب دەیەوێت یارمەتیی خەڵکەکەی بدات لە چەوساندنەوە هۆشیارییان بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە دەست دوژمنانی داگیرکەر ڕزگاریان ببێت.

((...من دەتوانم ئێوە هۆشیار بکەمەوە، بۆ ئەوەی کە سەرم لە کتێب دەردەچێت و زۆر دەخوێنمەوە. ئەمەش بەهرەیەکە هەموو کەسێک نییەتی. دەتوانم کتێب بنووسم و خەڵک فێر بکەم، چۆن لە چەوسانەوە ڕزگاریان بێت. لە بیریشت نەچێت من ئەم شۆڕشە هەر بە هی خۆم دەزانم،...)). (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، 2021، ل29).

لە مێژووی خەباتی هەموو ئەو گەلانەی، کە دژی ڕژێمی ستەمکار ڕاپەڕیوون دەکرێن بەدوو جۆر دابەش بکرێن: یەکیان بەچەک بەرەنگاریان بوونەتەوە و ڕێگای خەباتی چەکدارییان هەڵبژاردووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەم و زۆردارییە. ئەم جۆرە خەباتە بە ڕاستەوخۆیی دژایەتی دەکات، بە هێز و توانا هەوڵدەدات ڕژێمە زۆردارەکات بسڕێتەوە. بەڵام ئەویتریان چینی ڕۆشنبیرە، کە لە شوێنی چەک قەڵەمیان بەکارهێناوە گەلەکەیان پێ هۆشیارکردۆتەوە لەو ستەم و زۆردارییەی کە ڕژێمی دەسەڵات بەرامبەریان دەکات. هەر بۆیە ئەم چینە بە نووسین و بیرکردنەوە و ڕۆشنگەری هەوڵدەدات پایەکانی ڕژێمی زۆردار بهەژێنێت و بیروباوەڕی گەل بگۆڕێت، چونکە پێیان وایە بیر و ڕای گشتی دەتوانێت درێژە بە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگا بدات. میللەتی کوردیش چەندان کەسایەتی و ڕۆشنبیر و نووسەری لە هەموو ناوچەکانی کوردستان هەبووە، کە بە بەرهەمەکانییان تاکی کوردییان هۆشیارکردۆتەوە لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی، کە ڕژێمە یەک لەدواییەکەکانی بەعس دەرحەق بەگەلی کورد دەیانکرد. کە چۆن بتوانن بەرەنگاری ژێردەستی و چەوسانەوە ببنەوە. یەکێک لەو نووسەرانە "فەرەیدوون" ی هاوڕێی "سەنگەر" هەوڵیدا بەقەڵەمەکەی بەرگری لە خاک و نیشتیمانی کوردستان بکات و ئەرکی خۆی وەک ڕۆشنبیرێک لەچۆنیەتی هۆشیارکردنەوە و بەرگریکردن لە نەتەوەی کورد ببینێت.

سیخوڕیکردن مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لە مێژووی مرۆڤایەتی، واتە هەر لە سەردەمی کۆنەوە تاکو ئێستا بەردەوامی هەیە، وڵاتانی دیکتاتۆر بەسەر گەل و میللەتەکەیاندا سیخوری دەکەن، یان وڵاتێک بەسەر وڵاتێکی دیکەدا دەیکات. لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیش هەندێک لە کەسانی ناپاک و نەخۆشی کردبووە سیخوڕ بەسەر تاکی کورد هەوڵی ئەوەی دەدا ناپاکیی و سیخوڕیکردن بکاتە نەریتێکی کولتووریی گەلی کورد. (محەمەد، 2007، ل50). هەموو ئەو مەبەستە گڵاوانەش بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی کە دژی ئەو دەسەڵاتە دەوەستنەوە بە حوکمڕانی ڕازینین، بۆ ئەوەی سزایان بدات، یاخود لە ناویان ببات، بەتایبەتیش کەسانی شۆڕشگێڕی ناوچەکە. بۆیە شۆڕشگێڕانیش کوشتنی ئەم کەسانەیان بە حەڵاڵ زانیووە و لە ناویان بردوون، چونکە دژی بەرژەوەندیی گەلەکەیان وەستاونەتەوە و دەستییان لەگەڵ دوژمن تێکەڵ کردووە، وەک لەم ڕۆمانەدا لە ڕێگەی فلاشباکەوە دەبینین " ئەردەلانی وەستا ڕاسان" ی کۆنە هاوڕێی "سەنگەر" بۆ " سەنگەر" دەگێڕێتەوە، کە چۆن شۆڕشگێڕان توانیوویانە سیخوڕێکی لێهاتوو بەناوی "ئاکۆی کووکوختی" لە ناوەندی شاردا بکوژن.

((پار لە ڕۆژێکی ئاوا گەرمدا دایانا بەر گوللە. گووتیان: سیخوڕێکی لێهاتوو بووە . . . کە دوانی جەربەزە بەشێوەیەک لەناو ئەو قەرەباڵغییەدا خۆیان هەڵداوەتە سەری و بە خێراییەکی هێندەی سەیریش بۆی دەرچوونە، کە ئەقڵی هیچ کەسێک نایبڕێت...)). (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، 2021، ل24).

ئەم دیمەنە نیشاندەری ئەو کاتەیە، کە نەتەوە هەست بە مەترسی جدی دەکات، لەسەر ناسنامە و بەرژەوەندییەکانی. لەم حاڵەتەدا، ئەندامانی دڵسۆزی نەتەوە بەشێوەیەکی سروشتی دەستیان بۆ پاککردنەوەی کۆمەڵگا دەبەن لەو کەسانەی کە ڕۆڵی سیخوڕی و خیانەت دەگێڕن. ئەم کردارانە سێ ئامانجی سەرەکیان هەیە: یەکەم، دەرکردنی ئەو کەسانەی کە نەتەوە لە ناوەوەوە لاواز دەکەن. دووەم، ناردنی پەیامێکی ڕوون بۆ ئەو کەسانەی کە بیر لە ئەنجامدانی کارێکی لەم شێوەیە دەکەنەوە. سێیەم، بەهێزکردنی یەکڕیزی و پشتگیری نێوان ئەندامانی ڕاستەقینەی نەتەوە. هەموو ئەمانەش بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پاکتر و یەکگرتووتر، کە تێیدا تەنها ئەو کەسانە دەژین کە دڵسۆزی ڕاستەقینەیان بۆ نەتەوەکەیان هەیە، و هیچ شوێنێک بۆ خیانەتکاران تێیدا نامێنێت.

شۆڕشگێڕان بۆ مانەوەی گەل و نەتەوەکەیان، بە هەموو شێوەیەک بەرامبەر ستەم و زۆرداری هێزی داگیرکەری وڵاتەکەیان دەوەستنەوە، ئامادەن بە ماڵ و سامان، تەنانەت بە گیانی خۆشیان بەرگریی لە نیشتیمان بکەن. هەموو ئەمانەش بۆ مانەوەی نەژادی کورد و پاراستنی خاکی کوردستانە. هەر لە ڕۆمانی "سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە" باس لە ئازایەتیی و شۆڕشگێڕیی چەند کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکە دەکرێت، کە چۆن بۆ سەربەرزی و مانەوەی وڵاتەکەیان گیانی خۆیان بەخت دەکەن، نەک مانەوە بە سەرشۆڕی و ژێردەستەیی لە ژیاندا. وەک "فەرهاد برادۆستی" شۆڕشگێڕ، کە لەلایەن یەکێک لە خزمە نزیکەکانییانەوە سیخوڕی بەسەر دەکرێت و پاشان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەگیرێت، بەڵام ئەم مردنێکی سەربەرزانە هەڵدەبژێرێت.

((شەهید فەرهاد دۆستی)ی بەرپرسی ڕێخستنەکانی (هەولێر) نەک ژیانێکی سەرشۆڕی لەپێناو نیشتمانەکەیدا. و دەوروبەریەوە، کە لە لایەک پوورزای دایکیەتی و لە لایەکی دی باوە پیارەی، ئەوە خێرا ئەو هەوڵە دەدۆزێتەوە و کونە لەبەری ژوورەکان دەپشکنێت. کۆمەڵێ دۆکۆمێنت دەدۆزێتەوە. شەو بەدزییەوە لە ماڵ دەردەچێت و لەگەڵ خۆیان دەبات. دواییش دەیانگەیەنێتە یەکێ لە بەعسیخانەکانی شار. بە جلی خەوەوە لەناو پێخەفدا دەریدەهێنین، بەڵام ئەوە باشە (شەهید فەرهاد دۆستی) فریای ئەوە دەکەوێت شووشەیەک ژەهر بخوات بە زیندوویی نەکەوێتە دەستییان...)). (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، 2021، ل211).

ئەم دەقە، تابلۆیەکی ڕوون پێشکەش دەکات، لە پلانی ڕژێمی بەعس بۆ کۆنترۆڵکردن و لاوازکردن و لە ناوبردنی نەتەوەی کورد. ئەم ڕژێمە لە پێناو مانەوە لە دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆی، بەشێوەیەکی ئامانجدار و سیستەماتیک ستراتیژیەتی "دابەش بکە و فەرمانڕەوایی بکە"ی بەکارهێناوە. ئەم ستراتیژیەتە بنەڕەتەکەی لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە، کە هێز و توانای هەر نەتەوەیەک بەندە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی ناوخۆیی بۆ بەرەنگاربوونەوە و زاڵبوون بەسەر ڕژێمی دیکتاتۆر. بۆیە ڕژێم بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵیداوە ناکۆکی و دووبەرەکی و بێباوەڕی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیدا دروستبکات، تاکو نەتوانن وەک یەک دەستە و کۆمەڵە بەرەنگاری ببنەوە. شێوازی سەرەکی ڕژێم بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتەی کە بەکاریهێناوە، بریتی بووە لە بەکارهێنانی سیخوڕان و کەسە ناپاکەکان، کە لە ناو خودی کۆمەڵگای کوردییەوە هەڵبژاردبوون. ئەم کەسانە بەرامبەر پارە، پلە، ئیمتیاز یان لەترسی گیان و ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان، ئامادە بوون کە زانیاری و هەواڵ لەسەر هەموو شتێک، تەنانەت خزمە نزیکەکانی خۆیان بدەنە دەست ڕژێم. ئەم شێوازە نەک هەر وەک کەناڵێکی هەواڵگری بۆ ڕژێم کاری دەکرد، بەڵکو گرنگتر لەوەش، وەک ئامرازێکی دەروونی بۆ شکاندنی باوەڕ، متمانە و پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای کوردا بەکار دەهات، چونکە هیچ کەس نەیدەزانی متمانە بە کێ بکات، تەنانەت بە نزیکترین کەسەکانیشەوە . فەرهاد برادۆستی لەم دەقەدا وەک نموونەیەکی ڕوون و بەرچاو لە قوربانییەکانی ئەم ستراتیژیەتە دەخرێتەڕوو، هەروەها نیشاندەری چۆنیەتی بەرەنگاری شەرەفمەندانە لە بەرامبەر ئەم جۆرە خیانەتەدا. ئەو لەلایەن پورزای دایکییەوە، کە یەکێک لە خزمە نزیکەکانی بووە، ڕاپۆرتی لێدراوە و زانیاریی لەسەری داوەتە ڕژێمی بەعس، کە ئەمەش بووەتە هۆی دەستگیرکردنی. بەڵام فەرهاد وەک کەسێکی ڕاستگۆ و شەرەفمەند، لەبری ئەوەی ملی بۆ ڕژێم

بنەوێنێت، یان ڕێگای تەسلیمبوون و ژیانی شەرمەزاری هەڵبژێرێت، بڕیارێکی ئازایانە و سەربەرزانەی دا. ئەو باشی دەزانی کە مەرگێکی شەرەفمەندانە لە ژیانێکی پڕ لە شەرمەزاری و سەرشۆڕی باشترە، بۆیە کاتێک دەرفەتی بۆ دروست بوو، پیاڵەیەک ژەهری خواردەوە، بەم شێوەیە لە پێناو نیشتمان و شەرەفی خۆیدا گیانی لەدەستدا . ئەم کارە نەک هەر وەک نموونەیەک لە بەرەنگاری تاکەکەسی، بەڵکو وەک پەیامێکی بەهێز و ڕوون بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ڕێگای هاوشێوەیان هەڵبژاردبوو یان بیریان لێ دەکردەوە تەماشا دەکرێت. ئەم پەیامە ئەوە دەگەیەنێت، کە نیشتیمانپەروەران و کەسە ڕاستگۆکان ئامادەن هەر قوربانییەک بدەن، تەنانەت گیانی خۆشیان، بۆ پاراستن و ڕزگارکردنی نەتەوەکەیان لە دەست دوژمن، هەتا ئەگەر ئەو دوژمنە لە ناوەوەی خۆیانەوەش بێت.

هەر لەم ڕۆمانەدا، ڕۆماننووس باســـی ئازایەتیی و بوێریی شـــۆڕشـــگێڕێکی دیکەمان بۆ دەکات، بە ناوی "عوبێد بۆ خچی"، دوای ئەوەی شـــەو بە نهێنی دەگەڕێتەوە ماڵ بۆ لای ماڵ و منداڵەکانی، بەڵام لەلایەن ســـیخوڕانەوە زمانی لێدەدرێت، پیاوانی ڕژێمی بەعسی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، ئەوانیش بەسەری دادەدەن و دەیگرن، بۆ ئەوەی زانیاریی لێ وەربگرن دواتر سزای مەرگی بەسەردا جێبەجێ بکەن.

((عوبێد بۆخچی) زانیوویەتی زمانی لێ دەدرێت. ژنێکی دراوســـێیان نیوەی شـــەو پێی دەڵێت: با بەزووترین کات ماڵ بەجێبهێڵێت. دەگاتە ئێرە. قەراغی ئەم گۆمە. جاش و ســـەرباز چوار دەوری دەدەن. دەیانەوێت بە زیندووی بیگرن. خۆی بە دەســـتەوە نادات. تەقەی لێدەکەن. بەرپەرچیان دەداتەوە. لێیان بریندار دەکات. لێیان دەکوژێت. فیشـــەکی پێ نامێنێت. دەگەنە سەری. سەدان گولـــــەی لێدەدەن، خوێنەکەی بە سەر ئەم خۆڵەدا دەڕژێت)). (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، 2021، ل74).

ئەم دەقە، تابلۆیەکی دڵتەزێن و هەروەها شکۆدار پێشکەش دەکات، لەو ساتەی، کە "عوبێد بۆخچی" زانیوویەتی سیخوڕەکان زانیاریان لەسەری داوەتە ڕژێمی بەعس. لەم ساتەدا، "عوبێد" لە بەردەم دوو هەڵبژاردەدایە: یان تەسلیم ببێت و بە زیندوویی بکەوێتە دەست ڕژێم، کە لەوانەیە بۆ گرتنی زانیاری زیاتر یان بۆ پیشاندانی وەک نموونەیەکی شەرمەزاری بۆ کەسانی دیکە بەکاری بهێنن، یان ڕێگای بەرەنگاری و شەڕ هەڵبژێرێت. "عوبێد" وەک هەموو شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینەی کورد، بڕیارێکی ڕاستیدا و ڕێگای دووەمی هەڵبژارد. ئەو دەیزانی کە مەرگ لە کاتی شەڕ و بەرەنگاریدا زۆر باشترە لە ژیان لە کاتی تەسلیمبوون و شەرمەزاریدا، چونکە شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ لە هەموو شتێک گرنگترە. بەرەنگاری "عوبێد" تەنها وەک کردارێکی تاکەکەسی نابینرێت، بەڵکو نیشاندەری گەشەسەندنی هەستێکی قووڵ بە بەرپرسیارێتی نەتەوایەتی و مرۆڤانەیە. کاتێک ئەو ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕژێم دەبێتەوە چەند جاش و سەربازێکیان لێ بریندار دەکات و هەندێکیشیان لێ دەکوژێت، ئەمە تەنها بۆ پاراستنی گیانی خۆی نییە، بەڵکو بۆ ناردنی پەیامێکی ڕوونە بۆ ڕژێم و هەموو ئەوانەی کە ڕێگای خیانەت و سیخوڕییان هەڵبژاردووە. ئەم پەیامە ئەوەیە کە شۆڕشگێڕان بە هیچ نرخێک ئامادە نین ملیان بۆ ستەم بنەوێنن، تا دوا هەناسەیان شەڕ دەکەن بۆ ئەوماف و بەهایانەی کە باوەڕیان پێی هەیە. تەنانەت کاتێک فیشەکی نامێنێت و پیاوانی ڕژێم بە سەدان گوللەی لێ دەدەن بۆ شەهیدکردنی، لەلایەک ئەم کردارە دەبێتە نیشانەیەک لە توندوتیژی و بێ بەزەیی ڕژێم بەرامبەر ڕۆڵەی کورد، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە شایەتی لەسەر بوونی ڕۆحێکی نەشکێن لە نێو شۆڕشگێڕاندا. ئەم هەموو خوێنڕشتن و قوربانییەدانەی کە تاکی کورد دەیدات، تەنها بۆ ساتی ئێستا نییە، بەڵکو بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکە کە لە داهاتوودا "کێشە، گیروگرفت، ستەم، نادادپەروەری" تێیدا شوێنێکی نەبێت. ئەم ئامانجە گەورە و پیرۆزە وا لە شۆڕشگێڕان دەکات، کە گیانی خۆیان ببەخشن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەوان خەونی کۆمەڵگایەک دەبینن کە تێیدا ئازادی و یەکسانی باڵادەست بێت، هەموو مرۆڤێک بتوانێت بە شەرەف و کەرامەتەوە ژیان بکات، بێ ئەوەی ترسی ستەم، سیخوڕی، یان خیانەتی هەبێت. بۆیە هەر قوربانییەک کە ئێستا دەدرێت، وەک تۆێک دەبینرێت, کە لە خاکی ئێستادا دەچێنرێت بۆ درووێنەی ئایندەیەکی ڕووناک و ئازادانە.

ڕۆماننووس لەسەر زاری گێڕەوەی کەمشتزانەوە، باسی دوو هاوسەری خۆشبەختمان بۆ دەکات، ئەوانیش: "ئاواز و مێرد" ەکەیەتی، کە زۆر یەکتریان خۆش دەویست، بەبێ یەکتر نەیان دەتوانی ژیان بکەن، بەردەوام هاوکار و یارمەتی دەری یەکتر بوون لە هەموو کارەکانی ژیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان ئەندامی چالاکی نهێنی شۆڕش بوون، چەندین چالاکییان ئەنجامدابوو بەتایبەتی ئەوانەی لە چالاکی ناو شاردا بریندار دەبوون دەنێردران بۆ لای ئەوان، ئەوانیش لە ڕێگەی سستەر "سوعاد"ەوە کە دەستە خوشکی "ئاواز" بوو چارە سەر دەکران، دوور لە داروودەستی حکومەتی بەعس دەنێردرانەوە شاخ. سیخوڕان بەم کارە دەزانن هەواڵیان لێدەدەن و پیاوانی ڕژێمی بەعسیان لێئاگاداردەکەنەوە، ئەوانیش بەسەر یان دادەدەن و شەهیدیان دەکەن.

(( ئاواز و مێردەکەی لە قوڵایی خەودابوون، کاتێ ئەوان لە نیوە شەودا خۆیان هەڵدایە ناو حەوشەکە. دەیانەوێت دەرگەی ژوورەوە بشکێنن و بە جلی خەوە دەستگیریان بکەن، بەڵام ئەوان خەبەریان دەبێتەوە. دەنگی تەقە هەموو گەڕەک بە ئاگا دەهێنێتەوە. ( سیستەر سوعاد) بەکوردییەکی تێکشکاو بەدەم گریانەوە دەیگێڕایەوە، کە چۆن جەستەی (ئاواز)ی دەستە خوشکی وەکو مێردەکەی دەیان گوللەی بەرکەوتووە)). ( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان،2020، ل42).

ئەم دەقە، ئاماژە بە یەکێک لە خراپترین شێوازەکانی سەرکوتکردن دەکات، ئەویش هێرشکردنە سەر ماڵانە لە شیرینی خەودا. کە ڕژێمی بەعس بۆ تۆقاندن و کۆنترۆڵکردنی خەڵک بەکاری دەهێنا. ئەم پێشەڵکاریەش بە تەواوی دژی هەموو بەها مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە. پیاوانی ڕژێم بە ئەنقەست و لە شیرینی خەودا هێرشیان دەکردە سەر ماڵان. هەڵبژاردنی ئەم کاتەش لەلایەن پیاوانی رژێمی بەعس بۆ نیشاندانی هەستی ترس و تۆقاندن بووە، چونکە کەسێکی ئازا و شەرەفمەند ڕۆژانە و بە ئاشکرا ڕووبەڕووی دوژمنەکەی دەبێتەوە، بەڵام کۆیلە و بەزیووەکان لە تاریکی و لە کاتی بێ ئاگاییدا هێرش دەبەن. ئامانجە گڵاوەکانی ڕژێم تەنیا ئەوە نەبووە دەستگیریان بکات، بەڵکو مەبەستی تۆقاندن و بڵاوکردنەوەی ترس بووە، بۆ ئەوەی ڕووحی شۆڕشگێڕیی لای تاکی کورد لاوازبکات و نەمینێت. کاتێک "ئاواز" و "مێرد" ەکەی لە ناو ماڵەکەیان دەدرێنە بەر گوللە و شەهید دەکرێن، ئەمە تەنها کوشتنی دوو کەس نییە، بەڵکو ناردنی پەیامێکی ترسناکە بۆ هەموو کۆمەڵگا، کە هیچ شوێنێک پارێزراو نییە، هیچ کاتێک ئاسایش نییە، ئێمە دەتوانین لە هەر کات و شوێنێک بێت بگەین بە ئێوە. ئەم شێوازەش بۆ مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ترسنۆک و گوێڕایەڵە، کە هیچ کەس نەوێرێت دژایەتی ڕژێم بکات. ئەم جۆرە کردارانە نیشاندەری ئەوەیە، کە ڕژێم زانیوویەتی کە بە ئاشکرا و لە ڕۆژدا ناتوانێت بەرەنگاری شۆڕشگێڕان ببێتەوە، بۆیە پەنای بردووەتە بەر ئەم شێوازەی تیرۆرکردنەی شۆڕشگێران.

لە شۆڕشە یەک لەدوایی یەکەکانی گەلەکەمان، چەندین ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی کورد لەپێناو ئازادیی و نیشتمان و خاک و ئاڵای کوردستان بوونەتە قوربانی، قوربانیی شۆڕشگێڕانیش لەپێناو ژیانێکی سەربەرز و شکۆمەندانە بووە بۆ ڕۆڵەکانی دوای خۆیان، دروستکردنی پانتاییەک پڕ بێت لە هێز و خۆشەویستی بۆ نیشتمان و نەتەوە، بۆنی خاک زاڵ بێت بەسەر هەستی دیکتاتۆریی و سەرکوتکردن، نیشتمانێک دوور بێت لە ئەزموونی تاڵی ڕژێمە تۆتالیتارەکان، ئەوان لەو پێناوە شەهید بوون، ئەم شۆڕشانەش لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بە گیان و ماڵ و سامان پشتگیریی کراون، دژی ئەوانەش وەستاونەتەوە، کە هاوکاری دژی شۆڕشگێڕانیان کردووە. "کاروان عومەر کاکە سوور" لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونەچەکدارەکان"دا، قوربانیدانی ڕۆڵەی کوردانی شۆڕشگێڕی پیشانداوە، بەهۆیەوە شەهیدکراون لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا. ڕۆڵەکانیش شانازییان بە خۆبەختکردنی شۆڕشگێڕان کردووە، وەک لە دیالۆگی نێوان "شۆڕش" و "ئامانج" دا، ئەم بابەتە پیشاندەدرێت.

((باوکە خۆفرۆشەکەت بمرێ... من بۆ بمرم...؟!

– ناوی باوکم نەهێنیت، ئەگینا...

– ئەگینا چی...؟! تۆیش ناوی باوکی من دەهێنیت...؟! بیهێنە، منەتت نەبێت بڵێ، بڵێ هەزار و یەک جار بڵێ ڕەمزی ئازادی، بەڵام یەکجاریش بڵێ ماجید هەمزە قەڵاتی... بزانە لە ڕووت دێ ناوی باوکت بهێنیت...؟! من سەربەرزم کە کوڕە شەهیدم...، سەربەرزم، کە باوکم و خوشکم بوونەتە قوربانیی شۆڕش... بەڵام باوکی تۆ کەسانی وەکو باوکی

منی شەهید کردووە)). (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان،2020، ل41).

لەم دەقەدا " شـــۆڕش" لەگەڵ هاوڕێیەکەی " ئامانج" دەکەونە دایالۆگێکی توندەوە، چونکە "شـــۆڕش" کوڕی کابرایەکی شۆڕشگێڕە، بەهۆیەوە باوک و خوشکەکەی لەم ڕێگەیەوە شەهیدبوونە و ماڵەکەشیان دەستی بەسەرگیراوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە، بۆیە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕێزێکی زۆریان لێگیراوە، بەوەش" شۆڕش" هەست بە سەربەرزیی و شانازییەکی زۆرەوە دەکات، کە کوڕی کابرایەکی شۆڕشگێڕە، بەڵام ڕەخنە لە هاوڕێیەکەی "سەنگەر" دەگرێت، کە لەناو خەڵکدا ناتوانێت ناوی باوکی بهێنێت، چونکە باوکی کار بۆ پیاوانی ڕژێمی بەعس دەکات و لاوێکی زۆری کوردی بەگرتن داوە، لە لایەن خەڵکەوە بە چاوێکی نزم سەیریان دەکرێت و دژایەتییان دەکرێت.

لە دەقێکی دیکەدا، ڕۆماننووس لە ڕێگەی "گێڕەرەوەی هەمووشـتزانەوە "باسـی گیانفیدایی ڕۆڵەیەکی دیکەی کوردمان بۆ دەکات، لەپێناو نیشتمانەکەی گیانی خۆی بەختکردووە، دژی دوژمنانی گەلەکەی.

((... (سۆرانی ئورفە) نیوەڕۆیەکی تەمموزی پار بە تاقی تەنیا دابەزییە ناو شـار و کەوتە بۆسـەوە، دوای شـەڕێکی سـەخت لەسـەر کەپری مێوی ماڵێک کوژراو خوێنی بە سـەر گەڵا و لقەکاندا تکایە ناو حەوشـە،...)). (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان،2020، ل171).

ئەم دیمەنە، نموونەیەکی ڕاستەقینەی ئازایەتی و فیداکاری گەنجێکی کوردە، کە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکەی گیانی خۆی فیدا کردووە. گەرمای تەمموز و تیژی خۆرهەتاو نەیانتوانیوە ئیرادەی پتەوی کەم بکەنەوە، یان لە ئەرکەکەی دووری بخاتەوە. ئەو بە هەموو هۆشیاری و ئاگایی دەزانێت کە مەترسی لەسەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەنگاریان دەبێتەوە و تا کۆتایی هەناسە پاڵپشتی لە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی دەکات. خوێنی ئەو پاڵەوانە کە لەگەڵ گەڵاکان تێکەڵ دەبێت، نەک تەنها نیشانەی کۆتایی ژیانێکە، بەڵکوو سەرەتای چیرۆکێکی نەمریشە، کە نەوە لەدوای نەوە دەیگێڕنەوە. ئەم خوێنە بووەتە ڕەمزی بەردەوامی شۆڕشی نوێ و هاندەری بەردەوامی خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی "سۆرانی ئورفە" لەم ڕۆژە گەرمەدا وەک ئەستێرەیەک دەدرەوشێتەوە لە ئاسمانی مێژووی کوردایەتیدا. ناوی ئەو چیتر تەنها ناوێک نییە، بەڵکوو نیشانەیەکی بەرزی ڕێزلێنان و سەرفرازیە بۆ هەموو ئەوانەی لە ڕێگای ئازادی و کەرامەتدا هەنگاو دەنێن. ئەو لە کاتێکدا دەمرێت، کە خۆر لە لوتکەی ئاسماندا وەک: ئاگرێکی سووتێنەر دەبریسکێتەوە. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، ئەوە نییە کە چۆن "سۆرانی ئورفە" دەمرێت، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن دەژی. ئەو تا کۆتایی بەرەنگاری دوژمن دەبێتەوە، وەک ئەوەی نەک تەنها بۆ خۆی، بەڵکوو بۆ هەموو نەوەکانی داهاتووی کورد شەڕ دەکات. گەڵاکانی سوور بە خوێنی ئەو ئاو دەدرێن، دەبنە نیشانەی ئەو ژیانە نوێیەی کە لە شەهید بوونی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوان چیرۆکی سەردەمانێک دەگێڕنەوە، کە تێیدا گەنجانی کورد بە دڵ و گیانەوە خۆیان بەرەو پلەی شەهیدبوون دەبەن، بۆ ئەوەی نەتەوەکەیان بە ئازادی و شکۆمەندییەوە بژین. ئەم چیرۆکە نەک تەنها باسی کوردێک دەکات، بەڵکوو نوێنەرایەتی لە هەزاران " سۆرانی ئورفە"ی تر دەکات، کە لە تەمەنی جیاوازدا و لە کات و شوێنی جیاوازدا، هەمان ڕێگای شەهیدبوونیان بڕیوە. شەهید بوونی "سۆران"ی ئورفە لەو ڕۆژە گەرمەی تەممووزدا، دەبێتە ڕەمزێک، کە کورد هەرگیز تەسلیم نابێت و هەرگیز چۆک دا نادات، بەرامبەر بە دوژمن و ناحەزانییەوە.

ئافرەتی کوردیش، وەکو پیاوان لە بواری خەباتی چەکداریی ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیووە، بۆ ئەو قۆناغەی خەباتی شـــۆڕشـــگێڕی، بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەباتی نیشـــتمانیی و نەتەوایەتیی گەلی کوردســـتان دادەنرێت. ڕۆماننووســـیش لەم ڕۆمانەدا، ئاماژەی بە خەباتی چەکداریی شـــۆڕشـــگێڕێکی ئافرەتی کوردی کردووە، بەرامبەر بە ڕژێمی داگیرکەر، لەو ڕێگایەوە گیانی خۆیان فیداکردووە، لەپێناو هێنانە ئارای کوردســـتانێکی ئازاد و ســـەربەخۆ. کە

بەهۆیەوە گەلەکەی لەژێر سێبەری ئازادیدا بە ئارامی بژین.

((... چەند ئادیییەک دەچنە سەر ڕێگای (گوڵدان) و دەیانەوێت بیگرن، بەڵام ئەم دەمانچە لە جانتەکەی شانی دەردەهێنێت و دوانیان بریندار دەکات... ئەوانیش لەســـــەر ئەو جادەیە تەقەی لێدەکەن و خوێنی بەو ناوەدا دەڕێژن... خانووەکەیان دەستی بە سەردا گیراو درایە (حاجی عوبێد بۆخچی)، چونکە لە حەفتا و چوار دوو کوڕی لە پێناوپاراستنی (عێراق!) لە شالاوی (موخەریب!!)ەکاندا بەخشیبوو...)). (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان،2020، ل195).

ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەتانی کورد لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانیی لە مێژوودا، یەکێک بووە لەو هۆکارە گرنگانەی، کە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق سیاسەتێکی توندوتیژیان بەرامبەر بە ئافرەتانی ناو بزووتنەوەی سیاسیی لە باشووری کوردستان پەیڕەوکردووە، وەک گرتن و دوورخستنەوە و دەرکردن و پەلاماردان و ئەشکەنجە و تیرۆرکردن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەت لە خەباتی سیاسی نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا. چیرۆکی "گوڵدان" ڕوونکەرەوەی ئەو ئازایەتی و بەرەنگاربوونەوەیەی ئافرەتانی کورد لە مێژوودا پیشانیانداوە. ئەو لە کاتی گرتن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن، نەک تەنها تەسلیم نابێت، بەڵکوو هەتا کۆتایی دەجەنگێت و برینداریان دەکات. ئەمە نیشاندەری ئەو ئیرادە پتەوەیە، کە ئافرەتی کورد لە ڕێگای ئازادی و کەرامەتدا هەیەتی. شەهید بوونی "گوڵدان" و دەستبەسەرداگرتنی ماڵەکەی، نەک تەنها بە تاوانبارکردنی خۆی دەخرێتەڕوو، بەڵکوو بە تاوانبارکردنی هەموو ئەو خێزانەی کە پەیوەندیان پێیەوە هەیە. ئەم ڕەوشە نیشاندەری ئەو ترسە قووڵەیە، کە حکوومەتی بەعس لە ئازایەتی و چاونەترسی ئافرەتانی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی هەیبووە. بەخشینی ماڵەکەی "گوڵدان" یش بە "حاجی عوبێدی بۆخچی" کە دوو کوڕی لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە کوژرابوو، جۆرێکە لە دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان کوردەکانەوە، ئەمە ئەو سیاسەتە دژە کوردییەی ڕژێمی بەعس دەخاتەڕوو، کە هەوڵی دەدا کێشە و ئاڵۆزی ناو خۆیی دروست بکات. ئەو سیاسەتە توندوتیژانەی کە بەرامبەر ئافرەتانی ناو بزووتنەوەی سیاسی جێبەجێ دەکرا، لە ڕاستیدا ناسینەوەیەکی ئاشکرا بوو بۆ ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری ئافرەتان لە خەباتی نەتەوەیی. ئەگەر ئافرەتان ڕۆڵیان نەبووایە، ئەوا حکوومەتی بەعس ئەو هەموو توندوتیژییەی لە دژیان نەدەکرد. گرتن و دوورخستنەوە و ئەشکەنجە و تیرۆرکردنی ئافرەتان، بەڵگەیە لەسەر ئەو ڕۆڵە سەرەکی و کاریگەرەی ئەوان لە ڕێکخستن و بەردەوامبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی. مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆیی لە چیرۆکی "گوڵدان"دا بە ڕوونی پێشێل دەکرێت. ئەو وەک ئافرەتێک، وەک کوردێک، وەک مرۆڤێک هەق و مافی ژیان و ئازادی هەبوو، بەڵام ڕژێمی بەعس ئەم مافانەی لێ سەندەوە. ئەمە نیشاندەری ئەو سیاسەتە نەژاد پەرستانەیە، کە لە دژی کورد جێبەجێ دەکرا.

## ئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، دەگەین بەچەند ئەنجامێک، کەوا دەتوانیین گرنگترینیان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

1-قوتابخانەی ڕیالیزم، وەک یەکێک لە گرنگترین ڕەوتە ئەدەبییەکان، نزیکترین پەیوەندی لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگادا هەیە. ئەم قوتابخانەیە هەوڵ دەدات، ڕاستیەکانی ژیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بخاتەڕوو، جا ئەو ڕاستیانە خۆش بن یان ناخۆش. کۆمەڵگای کوردی بە درێژایی مێژووی خۆیدا ڕووبەڕووی کارەساتی "جەنگ، کوشتار، نەهامەتی جۆراوجۆر" بووەتەوە، ئەم ڕاستییە تاڵانەش کاریگەریان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بەجێهێشتووە. لەبەر ئەم هۆکارانە، قوتابخانەی ڕیالیزم، وەک ڕێگەیەکی گونجاو بۆ گێڕانەوەی ئەم ئەزموونە تاڵانە و دەربڕینی ئازار و خەمەکانی نەتەوە بەگشتی لە ئەدەبی کوردی و بەتایبەتی لە ڕۆماندا جێگەی خۆی پەیداکردووە. ئەم قوتابخانەیە ڕێگەی بۆ ئەدیبان خۆش کردووە تا بە ڕوونی و ڕاستگۆیی باس لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا بکەن.

2-ڕەنگدانەوەی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆمانەکانی "کاروان عومەر کاکە سوور" نموونەیەکی ڕاستی ئەدەبی ڕیالیزمی کوردین، بەیەکێک لەو کێشانە دادەنرێت، کە ڕووبەڕووی تاکی کورد بونەتەوە، وەک : داگیرکاری و هەوڵدان بۆ لەناو بردنی گەلی کورد و چەندان بابەتی دیکە، لەبەر گرنگی بابەتەکە ڕۆماننووس هەڵوەستەی لەسەر کردووە، باسی بارو دۆخی ئەوکاتمان بۆ دەگێڕیتەوە، کە بەناحەق چۆن ڕژێمی بەعس لادێیەکانی ڕووخاندووە و ڕەز و باخەکانی سووتاندووە، هەروەها ڕۆڵەی کوردی بەناحەق زیندانی کردووە و خستۆتییە بەر پەتی سێدارە و ژن و منداڵ و پیر و پەکەوتەی زیندەبەچاڵ کردووە، یاخود ڕایگواستوونە بۆ کۆمەڵگای زۆرە ملێی دوورە دەست، هەر بۆیە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەرحەق بەو ناحەقییە دەستییان بەشۆرش کردووە، بەرپەچی دوژمنانیان داوەتەوە، بەڵکو مردنیان پێ باشتربووە لە سەردانواندن بۆ دوژمن، ئەمانە هەمووی دەچنە خانەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕییەوە، کە بەشێوەیەکی بەرچاو بنەماکانی لە هەردوو ڕۆمانەکە جێگیر دەبێت.

3-گومانی تێدانییە، ئەو باروودۆخەی ڕۆماننووس بەچاوی خۆیی بینیوویەتی و تێیدا ژیاوە، کاریگەری لەسەر هەست و بیری هەبووە، واتە بۆتە گرێیەکی دەروونی ئازاربەخش لە دەروونیدا، بۆیە بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبی خۆی، زەمەنی ڕابردووی واقیعی کۆمەڵگای کوردی لە چوارچێوەی دەقێکی ڕازاوە بۆمانی گێڕاوەتەوە. ئەمەش لەبەر ئەو زوڵم و ستەمەی دەرحەق بەو گەلە کراوە، ئەستەمە لە یادکردنی. ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی شاعیر و ئەدیبانی کورد بکەین دەبینیین هەریەکەیان بەشێوەی " شیعر، چیرۆک، ڕۆمان ... هتد" باسیان لێوەکردووە لەبەرهەمەکانیان ڕەنگیداوەتەوە. "کاروان عومەر کاکە سوور"یش لەم دوو ڕۆمانەیدا جڵەوی ئەسپی خۆی تاوداوە و بەشێوەی گێڕانەوەیەکی لێزانانە هاتووە وردوو درشتی ئەو تراژیدیایەی، کە بەناحەق بە سەر کۆمەڵگای کوردی سەپاوە باسی لێوەکردووە و خستوویەتییە بەرچاوی خوێنەر، بەپێی ئەزموونی دنیا بینی خۆیەوە.

4- ئەگەر سەیری خاکی کوردستان بکەین لە هەموو لایەکەوە چاوی تێ بڕدراوە لەلایەن وڵاتانی دراوسێیەوە، هەریەکە و بەویستی خۆی بەشێکیان لێ داگیرکردووە، واتە بەسەر هەر چوار لاوە دابەشکراوە، ئەمەش ڕیگە خۆشکەر بووە بۆ خەباتی چەکداری وەستانەوە بەرامبەر بە دوژمنان بۆ بەرگریکردن لە خاک و نیشتیمان، ئەگەر سەیر بکەین ڕۆڵەی هەر چوار پارچەی کوردستان دەستییان بە خەباتی چەکداری کردووە، خوێنیان لەپیناویدا ڕشتووە. چونکە نەتەوەی کورد کەوتۆتە ناو چوارچێوەیەکی زوڵملێکراو هیچ دەرفەتێکی بۆ ئازادی ژیان پێنەدراوە، بۆیە ناچاربووە دەستی داوەتە خەباتی شۆرشگێڕی و سیاسی، ئەمانە هەموو بونەتە هەوێنێکی باش بۆ نووسەر و ئەدیبان کە لەبارەوەیان بدوێن، ئەگەر سەیری ئەم دوو ڕۆمانەش بکەین بەرهەمی ئەو ستەم و زۆرداریەیە، کە دوژمن دەرحەق بە گەلی کوردی کردووە. دەتوانیین بڵێین ئەم دوو ڕۆمانە نموونەیەکی جوانی خەباتی شۆڕشگێڕی ڕۆڵەی گەلی کوردمان نیشاندەدات، کە چۆن بە جەستە و خوێن ئامادەی مردن بوونە، بەڵام ئامادە نەبوونە ئیرادەی گەلەکەیان بخەنە ژێردەستی دوژمنان، بەهۆیەوە توانیوویانە مێژوویەکی پر سەروەری بۆخۆیان بنووسنەوە بەرهەمەکەشی ئازادی و سەربەخۆیی ئەمڕۆی کوردستانە، کە بە خوێنی ئاڵی ئەم شەیدانە ئاڵاکەی نەخشکراوە.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم : کتێب :**

**1: بە زمانی کوردی:**

– پیربال، فەرهاد (٢٠٢١)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ٤، چاپخانەی تەهران .

– سابیر، د. پەرێز (٢٠٠٥)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

– سالار، ئەحمەد (١٩٨٨)، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد.

– سالار، ئەحمەد (2005)، هونەر و ژیان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

- طقوس، د. بســـام (٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی: د. محمد تاتانی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێرانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- عەبدولقادر، د. کەیفی ئەحمەد (2013)، ڕیالیزم لە شانۆی کوردیدا، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- عەلی، جەعفەر، (2004)، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چ1، سلێمانی.
- قادر، عەباس محەمەد (٢٠١٠)، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٤٦ - ١٩٧٠، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
- کاکەسوور، کاروان عومەر(2020)، کەناڵی مەیموونەچەکدارەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- کاکەسوور، کاروان عومەر، دواڕۆژ (2021)، سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، چاپی سێیەم، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- محمد، کامەران (2007)، کەلتوور لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.
- مطلب، مەجید مەحمود (٢٠٠٨)، شـــیعر و فەلســـەفە، وەرگێرانی: فوئاد مەجید میســـری، دەزگای چاپ و پەخشـــی حەمدی، چاپی دووەم، سلێمانی.
- ئامێدی، د. عبدوڵڵا یاسین عەلی (2005)، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمەکانی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**2: بە زمانی عەرەبی:**

- إسماعيل، د. عزالدين (2013)، الأدب وفنونه، دار الفكرة العربي، القاهرة.
- الأصفر، عبدالرزاق (1999)، المذاهب الأدبية لدى الغرب، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- التكريتي، د. جميل نصيف (1990)، المذاهب الأدبية، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية للعامة، بغداد.
- تيجيم، فليب فان (1983)، المذاهب الأدبية الكبرى في فرنسا، ترجمة: فريد انطونيت، طبعة الثالثة، منشورات عويدات، بيروت، پاريس.
- جابالله، د. السعيد(2005)، الواقعية فى الادب، دار الجامعة باتنه.
- الحمداني، د. سالم أحمد (1989)، مذاهب الأدب الغربي ومظاهرها في الأدب العربي الحديث، جامعة الموصل، مطبعة التعليم العالي.
- طابور، مهند (1990)، الواقعية في المسرح، مطبعة الامة، بغداد.
- عبيدي، محمد (1983)، الرواية الجزائرية الحديثة بين الواقعية والالتزام، دار العربية للكتاب، الجزائر.
- علوش ، د. سعيد (1983)، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، بيروت، لبنان.
- غاتشيف، غيورغي (1990)، الوعي والفن دراسات في تاريخ الصورة الفنية، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.
- فضل، د. صلاح (1978)، منهج الواقعية في الابداع الأدبي، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- كرانت، ديمنت (1983)، الواقعية، موسوعة المصطلح النقدي، المجلد الثالث، ترجمة: د. عبدالواحد لؤلؤة، المؤسسة العربية للدراسات والنشـــر، الطبعة الاولى، بيروت.
- مصطفى، د. عزالدين رسول (2010)، الواقعية في الأدب الكردي، الطبعة الثانية، في منشورات ئاراس، اربيل.

**3: بە زمانی فارسی:**

- اشوری، داریوش(1387)، دانشنامه سیاسی، تهران.
- سمیعی و رضا، اصفهانی وعلی (1378)، مناسبات جامعة و دولت در عصر قاجار، مجلة دانشكده حقوق.
- ملكوتیان، مصطفی (1376)، سیری در نظریة های انقلاب، چاپ دوم، تهران.

**دووەم نامە ئەکادیمییەکان:**

**1: بە زمانی کوردی:**

- بەکر، خەندە حاجی (2023)، ڕیالیزم لە کۆچیرۆکی (هەڵۆ)ی (ڕەئوف بیگەرد)دا، نامەی ماســـتەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ســـەلاحەدین، هەولێر.
- حوسێن، هیمداد (1995)، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
- غفور، عبدالسمد قادر (2015)، ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری هەتاودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
- مستەفا، هێرۆ عبدالرحمن (٢٠٠٩)، ڕیالیزم لە شیعری ئەحمەد دڵزاردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**سێیەم: گۆڤار و ڕۆژنامە:**

- خدر، ڕێزان رەحمان، ( 2006)، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی ڕەخنەیی، لە ئەدەبدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(114).
- ســلام، کوێســتان جەمال (2021)، بیری شـۆڕشـگێری لە شـیعرەکانی "لەتیف هەڵمەت" دا، گۆڤاری قەڵای زانسـت، بەرگی (6)، ژمارە (2)، هەولێر.
- میراودەلی، کەمال مەمەند (19٧٣)، ڕیالیزمی سۆشیالیستی، ڕۆژنامەی: بیری نوێ، ژمارە (٦٨).

**انعكاس الواقعية الثورية على روايتي**
**(الخيالة نقلوا العروس في الخفاء) و (قناة القردة المسلحين) لـ كاروان عمر كاكة سور**

**سمير احمەد ابراهيم**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، حكومة إقليم كردستان، العراق
m.samerahmad0105@gmail.com

**كارزان محسين قادر**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، حكومة إقليم كردستان، العراق
karzan.qader@su.edu.krd

**الملخص**
عبر التاريخ القديم والحديث، قام الكور بالعديد من الثورات والانتفاضات الدموية، واعداءه كانوا يتطلعون دوما الى احتلال كوردستان، لذلك كان الملاحقة والإرهاب والإعدام من نصيبهم. حتى ان الادباء الكورد لم يتمكنوا من الوقوف صامتين امام كل هذا الأذى، فقد لجأوا الى استعمال الادب كسلاح في ميدان النضال، وذلك من اجل إيصال معاناة شعبهم الى الأمم الأخرى. هذا الوضع خلق أرضية خصبة لظهور الواقعية الثورية. هذه المدرسة التي تهتم بتجسيد وتقديم الواقع السياسي للشعوب المحتلة والمضطهدة، وذلك عبر عرض كل تلك المظالم والأذى بأسلوب ادبي مؤثر، وينمّي الإحساس القومي والوطني لدى شعبه، ويكون هذا سببا مهما لخلق تيار مقاوم في المنطقة. من هذا المنطلق، لم تقف الواقعية الثورية عند توجيه الانتقاد الى الواقع، بل الى جانب عرض ذلك الواقع كما هو، فهي تطالب بالتغيير وخلق وضع جديد، وذلك لان الانسان والمجتمع البشري لا تتطور وتنمو الا في تلك الأجواء، ويكون التغيير من الأسوأ نحو الاحسن ثم الاحسن. لذلك فإن الثورة هي بمثابة الشرارة الرئيسية لهذه المدرسة.
ان تحديد هذا العنوان وتطبيق روايتي كاروان عمر كاكه سور يعود الى ان مضمون الروايتين مليء بروح الحفاظ على الكيان الكوردي والدفاع عن الهوية القومية والخطاب القومي وطرق المقاومة أيضا. كما تطرق الروائي بشكل واضح الى استبداد الانسان وتضحيته من اجل حياة أفضل وأحسن، لذلك عندما نقرأ رواياته نشعر بأنه يتحدث عن كم هائل من الهموم والمشاكل القومية، مع الإشارة الى التضحيات ومقاومة الانسان امام كل التحديات التي تواجهه.
**الكلمات المفتاحية:** الواقعية، الطريق الثوري، كاروان كاكه سور.

**The Reflection of Revolutionary Realism in both Novels "the Horsemen Smuggled the Bride" and "the Canal of Armed Monkeys" by Karwan Omar Kakasur**

**Samer Ahmad Ibrahim**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
m.samerahmad0105@gmail.com

**Karzan Mohsin Qadir**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
karzan.qader@su.edu.krd

**Abstract**
The Kurdish people, throughout ancient and contemporary history, have carried out several bloody revolutions and uprisings. Their enemies have always sought to occupy the land of Kurdistan, therefore they have always been subjected to displacement, intimidation, and execution. Kurdish writers have not been able to remain silent in the face of all this suffering and pain. They have used literature as a weapon in the field of struggle and resistance, in order to convey the suffering and pain of their nation to all the peoples of the world. This kind of situation has provided fertile ground for the emergence of the revolutionary realism movement. This movement, which places greater emphasis on embodying and presenting the political reality of oppressed and exploited nations, when it presents those sufferings and pains that have befallen the people in an effective literary manner, thereby develops feelings of nationalism and patriotism within the heart of the people, and this becomes an important factor in creating a defensive movement in the region. From this perspective, revolutionary realism has not stopped merely at criticizing the existing reality, showing it as it is to the people, but rather demands change and the bringing about of a new situation, because it depicts human beings and human society in conditions of development and transformation, from bad to good, from good to better, which is why revolution is the main nerve of this movement.
The selection of this title and the practical application of both novels by "Karwan Omar Kakasur" stems from the fact that the content of these two novels is filled with the spirit of protecting "Kurdish identity" and safeguarding "national identity and discourse," as well as methods of resistance, referring to human oppression and sacrifice for the sake of a peaceful and better life. Through the novelist's voice, this has been very clearly indicated. Therefore, whenever we read the novels, we feel as though they speak of the burden of national grief and problems, along with references to human sacrifice and self-sacrifice in the face of the difficulties they encounter.
**Keywords:** Realism, Revolutionary Movement, Karwan Kakasur.